# ڕۆڵی سیاسی میر وسەركردەكان لە ململانێی ناوخۆیی ناو بنەماڵەی ئەیوبیەكان لە نێوان ساڵانی (590-593ك/ 1193 -1196ز)

## (توێژینەوەیەكی مێژووی وشیكاریە)

ID No.1059

(PP 47 -65)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.4

**سامان نامق توفیق**

وەزارەتی پەروەردە / قوتابی دكتۆرا - زانكۆی سەلاحەددین،هەولێر

saman.tawfeeq@su.edu.krd

**نیشتمان بشیر محمد**

بەشی مێژوو،كۆلێژی ئاداب،زانكۆی سەلاحەددین،هەولێر

nishtiman.mohammad@su.edu.krd

**الاستلام:2023/03/15**

**القبـول :2023/04/16**

**النــــشر:2023/12/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە كە شیكاریەكی مێژوویە پەیوەست بە ڕۆڵی سیاسی میر وسەركردەكان لە ململانێی ناوخۆیی ناو بنەماڵەی ئەیوبیەكان لە نێوان ساڵانی (590-593ك/ 1193 -1196ز) خراوەتە ڕوو، دەسپێكی ململانێییەكان لە هێرشەكانی یەكەمی مەلیك (العزیز) بۆ سەر (دمشق) دەست پێدەكات ئێمەش تواونومانە بیخەینە بەر تیشكی لێكۆلینەوەكانمان تاكو دوا هەڵمەت كە بە هێرشی سێیەم بۆ سەر ئەو شارە ناسراوە، ئێمە هەوڵی ئەوەمانداوە لەم توێژینەوەیە زۆر بە ووردی ڕۆڵی سیاسی میر وسەركردەكان بخەینە ڕوو، كە خۆی دەبینێتەوە ململانێی ناوخۆیی ناو بنەماڵەی ئەیوبیەكان كە زیاتر هاندانی مەلیك (العزیز) بۆ ئەنجامدانی هێرشەكان وهەڵوێستی سیاسیان لەكاتی هێرشەكانیاندا، بۆیە لەم بارەیەوە توێژینەوەكەمان دابەش كردووە بەسەر سێ باسدا كە ئامادەكاری وهێرشی یەكەم ودووەم وسێیەمی مەلیك (العزیز)ە بۆسەر شاری (دمشق) هەڵوێستە سیاسیەكانی میر وسەركردەكان لە هەرسێ هێرشیەكە شیكراوەتەوە.

**كلیلی ووشەكان:** ( مەلیك (العزیز) -مەلیك (الافضل) -میرە كوردەكان -میرە (الصلاحیة)كان -میرە (الاسدیة)كان )

### 1-پێشەكی

دوایی ئەوەی دەوڵەتی ئەیوبی لەسەر دەستی سوڵتان (صلاح الدین) لەسەدەكانی ناوەڕاست دامەزرا لەهەریەكە لە ووڵاتانی (شام) و(مصر) و(حیجاز) و(الیمن) و(البرقة)ی (لیبیا) وبەشێكی زۆری ناوچە كوردیەكان وبنەماڵەی ئەیوبی، دیارە ڕزگاركردنی بەشێكی زۆری ئەو ناوچانە لەژێر دەستی خاچیەكان ودەستگرتن بەسەر ناوچەكانی تردا كاریكی وا ئاسان نەبووە بێگومان پێویستی بە ژمارەیەكی زۆری سەرباز ومیر وسەركردە هەبوو، بۆ ئەمەش بەشێكی زۆری میرو سەركردەكانی لە كورد ومەمالیكە توركەكان پێكهاتبوون، لەپاڵ كارە سەرەكیەكەی خۆیان كە ڕۆڵی سەربازیە بوو ڕۆڵی سیاسیشیان گێراوە بە تایبەتی دوایی مردنی سوڵتان (صلاح الدین) لە ساڵی (589ك/1193ز)، میر وسەركردەكانی بەپلەی یەكەم دابەش بوون بەسەر هەریەك لە كوڕەكانی وەك مەلیك (الافضل) لە (دمشق) ومەلیك (العزیز) لە (مصر) و مەلیك (الظاهر) لە (حلب)، هەر دوای تێپەر بوونی تەنها ساڵێك لە مردنی باوكیان كێشە كەوتە نێوانیان لە پێناو بەدەست هێنانی دەسەڵاتی زیاتر، لەم نێوانەشدا میر وسەركردەكان ڕۆڵێكی سیاسی زۆریان گێڕا بۆیە ئێمەش هەوڵی ئەوەمان داوە كە زۆر بەووردی لایەنە سیاسیەكانی ئەو میر وسەركردانە بخەینە بەرباس لە لێكۆلینەوەیەكی تایبەت بە هێرشەكانی مە.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە مێژوونووسانی سەردەم زیاتر باسی ڕۆڵی سەربازی میر وسەرکردەکانیان کردووە کەمتر ئاماژەیان بە لایەنە سیاسیەکەی ئەوانداوە، بۆیە ئێمە هەوڵی ئەوەمان داوە کە ڕۆڵ وپێگە سیاسیەکانی ئەوان بخەینە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەك وپاشان شیکاری لایەنە سیاسیەکەیان بکەین.

1-2- هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

هەڵبژاردنی بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ڕۆڵی سیاسی میر وسەرکردەکان لە ململانێی ناوخۆیی ناو بنەماڵەی ئەیوبیەکان لە نێوان ساڵانی (590-593ك/ 1193 -1196ز) لە پاڵ مەلیك (العزیز) ومەلیکەکانیانی تردا، هەروەها نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی تایبەت لەم بارەیەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی سیاسەتی ئەو میر وسەرکردانەیە تاکو بیانخەینە بەرباسێکی سیاسەتێکی وورد وبەرژەوەندیە سیاسیەکانییان تێدا شیکار بکەین

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی پەیڕەو کراوە، توانیومانە زانیاریە بنەڕەتیەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکان وەربگرین، بەتایبەتی ئەو سەرچاوانەی کە هاوسەردەم ونزیکی ڕووداوەکان بوونە، هەوڵی ئەوەمان داوە لەکوێ پێویست بێت شیکاری زانستیانەی بابەتەکان بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا پشتمان بە سەرچاوەی سەردەمیش بەستووە بۆ پاڵپشتی وبەهێزکردی زانیاریەکانمان.

گرفتی توێژینەوەکەمان لەوەدایە بەشێکی زۆری سەرچاوە مێژوویەکان زانیاری کەمیان لەسەر میر وسەرکردەکان تۆمار کردووە، زۆربەیان ڕۆڵە سیاسیەکەیان داوەتە پاڵ مەلیکەکەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە توانیومانە پێگە وسیاسەتی میر وسەرکردەکان لەم توێژینەوەیەدا بەتەواوی بخەینە ڕوو. توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و هەرسێ هێرشی مەلیك (العزیز) وڕۆڵی سیاسی میر وسەرکردەکان لەو هێرشانەدا و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، ملخص و ئەبستراکت پێکهاتووە

**2- ئامادەکاری وهەڵمەتی یەکەمی مەلیك (العزیز) بۆسەر (دمشق) وگەمارۆدانی لە ساڵی (590ك/1193ز).**

**2-1-سەرەتایی دەست پێکردنی گرژیەکان لە نێوان مەلیك (العزیز) و مەلیك (الافضل) ڕۆڵی سیاسی میرەکان لەو گرژیانەدا.**

وەك زانیمان لەوکاتەی سوڵتان (صلاح الدین ) هێشتا زیندوو بوو،ووڵاتی (مصر)ی دابوو بە مەلیك (العزیز)ی کوڕی (میر شەرەفخانی بەدلیسی، 2006، ل110). ئەگەر سەرنج بدەین هۆکاری ئامادەکاری هێرشی یەکەمی مەلیك (العزیز) بۆ سەر (دمشق) وڕۆڵی سیاسی میر وسەرکردەکان لە هاندانی ئەو مەلیکە لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە ژمارەیەك میر وسەرکردە لە خزمەتی مەلیك (الافضل) بوون لەوانە (میمون القصری)[1] و(سنقر الکبیر)[2]و(فخرالدین أیاز جهارکس[3]الناصري الصلاحي [4]) لەگەڵ ژمارەیەك سەرکردەی کورد ئەوانە پەیوەندیان بە مەلیك (العزیز)ەوە کرد لە ووڵاتی (مصر) لە ساڵی (590ك/1193ز) (إبن أبیك الدواداري،1972، ج7، ص124). هۆکاری ئەم هەڵوێستە سیاسیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مەلیك (الافضل) هەستا (ضیاء الدین إبن الاثیر) [5]ی کردە وەزیری خۆی ئەویش دەسەڵاتی بەسەر تەواوی کاروبارەکانیدا هەبووە کە سیاسەتێکی خراپی بەرامبەر بە میروسەرکردانە پەیڕەو کرد (المقریزي، 1997، ج1، ص229)، لەلایەك لەلایەکی تر بەشێکی زۆر لەو سەرکردە ومیرانە بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە بوون (خالد سلیمان حمد نبي عبدالرحمن، 1997، ص37). بۆیە دەبینین زۆربەی کات بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندی سیاسی وئابووری خۆیان بەرەی سیاسیان گواستۆتەوە لەنێوان مەلیکەکانی ئەیوبی.

وەك باسمان کرد مەلیك (الافضل) هەستا بە دوور خستنەوەی بەشێك لە میر وسەرکردەکانی سەردەمی (باوکی)-کەپێشتر بەشێکی زۆریان مەمالیك بوون- وەزیر (ضیاء الدین إبن الاثیر) ئامۆژگاری سیاسی مەلیك (الافضل)ی کرد وپێیگووت کە میر وسەرکردەکانی باوکت دوور بخەوە ودەریان بکە،کە بەم شێوەیە پێی گووت ((میرو سەرکردە تایبەتیەکانی سوڵتانن بە چاوێکی وا سەیرت دەکەن کە وەك ئەوە وایە کە ئەوان حەق ومافیان بەسەرتەوە هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە لە منداڵیەوە تۆ دەناسن ئەو ڕێزەت لەلایان نیە، هەروەها قەناعەتیان نیە داوای شتی زۆر دەکەن، بەجۆرێ داهاتی (دمشق) ناتوانێ تێریان بکات وقەناعەتیان پێبکات، هەرچی کاروباری (مصر)ە داهاتی زۆرە بەهۆی فراوانی گەورەیەکەی -مانای وایە دەریان بکە بۆ ووڵاتی (مصر)- هەروەها پێی گووت کەچی میرە تازە ونەناسراوەکان بە هەموو شتێ ڕازی دەبن وقەناعەتیان دەبێ کە پێیان دەدەیت دان بە فرمانەکانت دادەنێن وبەگەورەی تەماشات دەکەن)) ((هولاء خواص السلطان وینظرون إلیك بتلك العین، ویعتقدون أن حقهم واجب وجوب العین، وهم بحکم

المعرفة لك من الصغر يتبطون ويشتطون ولا يقنعون، وأعمال دمشق لاتسعهم وجميعها لا تقنعهم، والاعمال المصرية لهم أفسح وأوسع، وأما الغرباء فأنهم يقنعون بأى شيء أعطيتهم، ويعترفون بحقك ويعظمونك))، (إبن واصل، 2010، ج2، ص251 ؛ إبن واصل، 1957، ج3، ص10- 11)، هەروەها (إبن أيبك الدواداري) دەڵێ (ضياء الدين إبن الاثير) بە مەليك (الافضل)ی گووت کە مەمالیکەکانی باوکت لابەرە مەمالیکی نوێ بهێنە، هەروەها پێی ڕاگەیاند کە مەمالیکی باوکت بە چاوێکی بچووك تەماشات دەکەن ( 1972، ج7، ص124) واتا وەك مەليك ناتبینن.

مەليك (الافضل)یش کەوتە ژێر کاریگەری بیرو بۆچوونەکانی وەزیرەکەی دەستی کرد بە بەهانە وڕەخنەلێگرتن لێیان دواتر دەریانی کرد، ئەوانیش چوون بۆ وولاتی (مصر)(إبن واصل، 1957، ج3، ص14)، بەڵام (إبن العديم) دەڵێت دوای ئەوەی هەردوو میری (الصلاحية)کان کە (ميمون القصري) و(سنقر الكبير) بوون کە فرمانڕەوای چەندین قەڵایان دەکرد ترسی ئەوەیان هەبوو کە دەستگیر دەکرێن لەلایەن مەليك (الافضل)ەوە بۆیە ڕووی ئاراستەی سیاسی خۆیان گۆڕی چوونە وولاتی (مصر) ودوایان لە مەليك (العزيز) کرد کە ئەوان لە خزمەتیا دەبن بەو مەرجەی ناوچەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، کەچی مەليك (الافضل) ناوچەکانیانی دابەش کردوو بوو بۆیە مەليك (العزيز) هەستا ناوچەی (نابلس)ی پێدان کەلە ژێر دەسەڵاتی (إبن المشطوب)[6] بوو ئەو میرەش ئامادە نەبوو شارەکە ڕادەست بکات بۆیە ڕووی ئاراستەی گۆڕی بۆلای مەليك (الافضل)(1996، ص430)، چونکە ئەو ناوچەیە سوڵتان (صلاح الدين) لە ساڵی (588ك/1192ز) دوای مردنی باوکی بەوی بەخشیبوو تاکو بەڕێوەی ببات (أبو شامة، 1997، ج4، ص420 ؛ النويري، 1423هـ، ج29، ص124) لە دواجاردا ئەو کێشە سیاسیانەی میرەکان بووە هۆی شەڕ لە نێوان هەردوو مەلیکی برا (إبن العديم، 1996، ص430).

مەليك (الافضل) بەهۆی پێشنیاری وەزیرەکەیەوە بوو کە تەنانەت گەورە پیاوانی وولاتەکەشی دەرکرد لەوانە (القاضي الفاضل) بە هەموو لیهاتوویی وخزمەتەی پێشکەشی کردبوو، هەروەها (عماد الدين الكاتب) بەهەموو ڕەوانبێژی ولێهاتوویەوە دەرکرد ودووریانی خستەوە، لە جێگای ئەوان میر ومەمالیکی نەناسراوی دانا (إبن واصل، 2010، ج2، ص251)، هەروەها وەزیرەکەی مەليك (الافضل) هەر لە ساڵی (590ك/1193ز) پێشنیارێکی تری بۆ مەلیکەکەی کرد ئەویش ڕادەست کردنی (بيت المقدس) بوو بە مەليك (العزيز)ی برای هەروەکو ووتی((شاری(بيت المقدس) پێویستی بە پارە وپیاو وجێگر وتێچووی گەورەیە، بۆیە بیدە بە براکەت وبەم شێوەیە سۆز وخۆشەویستی بۆ لای خۆتیش ڕادەکێشیت)) ((هو يحتاج إلى أموال ورجال ونواب وكلفة عظيمة، فأعطه لأخيك، واستجلب بذلك مودته)) (إبن واصل، 1957، ج3، ص15).

بۆیە مەليك (الافضل) نامەیەکی بۆ براکەی نووسی شاری (القدس)ی پێدا تاکو بەڕێوەی ببات ئەویش سوپاس گوزاری خۆی بۆ دەربڕی، بەڵام زۆر پێنەچوو لە بەڵێنەکەی پەشیمان بۆوە[7]، بەرامبەر بەم هەنگاوەی براکەی مەليك (العزيز) دڵی بەرامبەری گۆڕا، وەکو باسمان کرد ئەمەش دوای ئەوەی میرەکانی وەك (ميمون القصرى) و( سنقر الكبير) پەیوەندیان پێوەکرد هەستا هەندێ ناوچەی لە (شام) پێدا وەك (نابلس) کە لە بنەڕەتدا ئەم ناوچەیە لەژێر فەرمانی مەليك (الافضل) بوو، بۆیە ئەویش بەرامبەر بەم کارەی براکەی زۆر توڕە بوو گرژی ناکۆکی لە نێوانیان دروست بوو (إبن واصل، 1957، ج3، ص15).

لەلایەکی تر خاچپەکان توانیان ساڵی (590ك/1193ز) هێرش بکەنە سەر (جبيل) [8] داگیری بکەن، (النويري، 1423هـ ، ج28، ص442)(جبيل)یش لە چوارچێوەی ئەو ناوچانە بوو کە سوڵتان (صلاح الدين) توانیبووی لە ساڵی (583ك/1187ز) لە دەستی خاچپەکان دەری بهێنێ (إبن الاثير، 1997، ج10، ص30 ؛ إبن خلدون، تاريخ إبن خلدون، 1981، ج5، ص359)، ئەمەش بەهۆی لاوازی مەليك (الافضل)ەوە بوو، چونکە ئەو ناوچەیە لە چوارچێوەی ناوچە ودەسەڵاتی ئەودا بوو (أبو شامة، 1997، ج4، ص420 ؛ شڤان ظاهر عبدالله الدوسكى، 2004م، ص84) ،هەر بۆیە  میرەکانی (الصلاحية)کان لەڕووی سیاسیەوە هانی مەليك (العزيز) یاندا لە (مصر) بۆ ئەوەی دەست بەسەر ناوچەکانی (شام)دا بگرێ وبیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، (إبن واصل، 1957، ج2، ص411 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص 231) کە میرە (الصلاحية)کان تورك بوون، (مقبولة حسن الحاج خليل، 2009، ص57)، جگە لەوە میرەکان لەڕووی سیاسییەوە ئامۆژگار وئاگادارکردنەوەیان دایە مەليك (العزيز) کە ئەگەر بێت بەرامبەر داگیرکاری (جبيل) بێدەنگ بێ ئەوا خاچپەکان ناوچەی تریش داگیر دەکەن(إبن واصل، 1957، ج2، ص411).

لە لایەکی تر (المقريزي) دەڵێت مەليك (العزيز) ڕێزێکی زۆری لەو میرانە نا کە پەیوەندیان پێوە دەکرد وپلەو پایەی گرنگی پێدان لەوانە (فخرالدين جهاركس) کردە (أستاذ دار) [9] ، هەروەها هەریەکە لە (ميمون القصري) و(سنقر الكبير) ناوچەی (صيدا) [10] ی پێدان تاکو بەڕێوەی بەرن، هەروەها وەکو باسمان کرد (نابلس) [11] شی پێدابوون ( 1997، ج1، ص229) ئەم میرانە پێشنیارێکی

سیاسی گرنگیان بە مەلیك (العزیز) دا كە ئەوە بوو كە داوایان لێ كرد كە هێرش بكاتە سەر (دمشق)و شارەكە لە براكەی وەربگرێت. (ابن أيبك الدواداري، 1972، ج7، ص124)كە دواتر باسی لێ دەكەین.

هەر لەم ساڵەدا (590ك/1192ز) ژمارەیەك میری تر ڕووی ئاراستەی سیاسیان گۆڕی ئەوانیش پەیوەندیان بە مەلیك (العزیز)ەوە كرد لە (مصر) لەوانە (عز الدين اسامة) [12] كە پێشتر یەكێك بوو لە میرە بەناوبانگ وناودارەكانی سوڵتان (صلاح الدين)، هۆكاری جیابوونەوەكەشی دەگەڕێتە بۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک ڕووداوی بینی پێی خۆش نەبوو (إبن واصل، 1957، ج3، ص39)، بەڵام (النويري) دەڵێت بە هۆی ئازاردان بووە لەگەڵ ژمارەیەك میری تر جیابووەوە(1423هـ، ج28، ص446) كاتێكیش گەیشتە (مصر) مەلیك (العزیز) زۆر دڵی خۆش بوو بەهاتنەكی ڕێزێكی یەكجار زۆری گرت، دوایی جێگیر بوونی لەو وولاتە دەستی كرد بەهاندانی مەلیك (العزیز) تاكو دەست بگرێ بەسەر (دمشق) و لە براكەی وەری بگرێت، (إبن واصل، 1957، ج3، ص39)، بۆیە لەم بارەیەوە زۆر هانیدا هەروەك پێی دەگووت((دەست بەسەر وولاتدا بگرە پێش ئەوەی وولات لە گەندەڵیدا ڕۆبچێ ئەو كات لە بەرامبەردا دەستە وەستان بیت)) ((فاقصد البلاد فإنها في يدك قبل أن يحصل للدولة من الفساد مالا يمكن تلافيه))[13]، هەروەها (سبط إبن الجوزی) دەڵێت (عز الدين اسامة) بەم شێوەیە هانی مەلیك (العزیز)ی دا گووتی((خودا پرسیارت لێدەكات دەربارەی سەرپەشتاری، ئەو پیاوە لە كات بەسەربردن و خواردنەوەدا ڕۆچووە و (الجزري) و(ابن العجمي) وولاتیان خستۆتە ژێر دەستی خۆیان)) ((إن الله يسألك عن الرعية، هذا الرجل قد غرق في لهوه وشربه، واستولى عليه الجزري وابن العجمي)) (2013، ج22، ص33 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، 122-123) لە دواتردا میر (شمس الدين أيدمر بن السلار)، مەلیك (الافضل) بەجێهێشت وگەیشتە وولاتی (مصر) ئەم میرەش ووتەكانی خۆی خستە پاڵ میر (عز الدين اسامة) بۆ دژایەتی كردنی مەلیك (الافضل) بەهێزكردنی ئیرادەی مەلیك (العزیز) بەمەبەستی هێرش كردنە سەر(دمشق)، (المقريزي، 1997، ج1، ص233)، دواتر جیابوونەوەی سەرباز ومیرەكانی مەلیك (الافضل) هەر بەردەوام بوو لەسەر بەدواكەوتنی خۆشیەكانی دونیا لە كات بەسەربردن ویاریكردن، كەمتر ئاگاداری بەڕێوەبردنی وولاتەكەی بوو بۆیە پێیان دەگووت مەلیكی خەوتوو (الملك النوام) كاروباری دابووە دەست (ضياء الدين إبن الاثير) وحاجبەكەی (إبن العجمي)[14] ئەوان كاروباریان زۆر بە خراپی بەڕێوە دەبرد بەگشتی كارەكانی ئەو مەلیكە بووە هۆی ئەوەی كە میر وسەركردەكانی بە خراپترین خەڵكانێك بگۆڕێتەوە (سبط إبن الجوزی، 2013، ج22، ص29 ؛ محمد كرد علی، 1983، ج2، ص70).

### 2- 2- ڕۆڵی سیاسی سەركردە ومیرەكان لە هاندانی مەلیك (العزیز) بۆ سەر (دمشق)

(إبن الاثير) دەڵێ هۆكاری سەرەكی هێرشی مەلیك (العزیز) بۆ سەر (دمشق) دەگەڕێتەوە بۆ مەمالیكەكانی سوڵتان (صلاح الدين) كە ناسرابوون بە (الصلاحية) كە جیابوونەوە لە مەلیك (الافضل) پەنایان بردووە بەر مەلیك (العزیز) ئەوانەش جگە لەو میرانەی كە باسمان كرد میرەكانی تری وەك (سراسنقر)[15] و(زين الدين قراجا)[16] و(أيبك)[17] بوون، كە بەردەوام بوون لە هاندانی سیاسی بۆ ئەوەی دەست بەسەر (دمشق) بگرێ، جگە لەوە پێیان دەگووت كە كوردەكان ومیرە (الاسدية)[18]كانی سوپایەكەت مەیل وئارەزووی سیاسیان بەلای مەلیك (الافضل) براتەوەیە، هەروەها لەوانە پێیان گووت كە ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە كە ئەم میل وئارەزوویەیان دواجار ببێتە هۆی دەركردنت لە وولاتی (مصر)، بۆیە بەرژەوەندیت لەوەدایە كە دەست بەسەر (دمشق)دا بگری ( 1997، ج10، ص137)ئێمە پێمان وایە میرە (الصلاحية)كان بۆیە ئەو پێشنیارە سیاسیەیان كرد چونكە لەلایەك ومیرە (الصلاحية)كان ومیرە(الاسدية)كان ڕكابەری یەكتریان دەكرد تاكو لەم ڕێگایەوە لە پێگەی سیاسی میرە (الاسدية)كان بدەن،(إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112)لەلایەكی تر تاكو تۆڵەی خۆیان لە مەلیك (الافضل) بكەونەوە بەرامبەر بە دەركردنیان لە (دمشق)،(إبن واصل، 1957، ج3، ص14)، بۆیە ئەگەر بەگشتی تەماشا بكەین ئەوان زیاتر لە پێشتر وخۆشەویستربوون لەلای مەلیك (العزیز) بەبەراورد بە میرە (الاسدية)كان (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112) چونكە لەو كاتەی مەلیك (العزیز) بوو بە مەلیكی وولاتی (مصر) زیاتر میرە (الصلاحية-الناصرية)كانی پێشدەخست ومتمانەی پێبوون لەبەرامبەردا گرنگی بە میرە (الاسدية)كانی وەك (سيف الدين يازكوج)[19] (الاسدي) وكوردەكانی وەك (أبو الهيجاء السمين)[20] نەدەدا (إبن الاثير، 1997، ج10، ص137).

دواجار مەلیك (العزیز) لە ساڵی (590ك/1193ز) گەیشتە (دمشق) گەمارۆی شارەكەیدا مەلیك (الافضل)یش كە لەناو شارەكە دابوو ناردی بە دوای مەلیك (العادل) مامی چونكە زۆر متمانەی پێبوو لەوكاتە وفەرمانڕەوای ناوچەی (الجزيرة)ی دەكرد، جگە لەوە ژمارەیك لە مەلیكەكانی[21] دەوڵەتی ئەیوبی خۆیان گەیاندە (دمشق) بۆ بەرگری كردن لە شارەكە چونكە پێیان وابوو ئەگەر مەلیك (العزیز) دەست بەسەر شارەكەدا بگرێ ئەوا ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانیش داگیردەكات (إبن الاثير، 1997، ج10، ص130)

دوای ئەوەی مەلیك (العزیز) زانی ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەو سوپایە ببێتەوە هەستا نوێنەری نارده لایان وڕێكەوتنامەیان [22]مۆركرد بەپێی ڕێكەوتنەكە ئەم مەلیكە توانی (البیت المقدس) ناوچەكانی دەورووبەری (فلسطین) وەرگرێ لە (الافضل)ی برای دوای ئەوەش ڕووەو ووڵاتەكەی گەڕایەوە (الذهبي، 2003، ج12، ص718 ؛ إبن بدران، 1985، ص130 ؛ ناصر محمد علي الحازم، 1421هـ، ص25).

**2-3-پەیوەندی مەلیك (العزیز) لەگەڵ میرەكانی دوایی هێرشی یەكەمی بۆسەر (دمشق).**

بەگشتی سیاسەتی میرە (الصلاحیة)كان وای كردبوو كە ئەوان زیاتر لە پێشتر وخۆشەویستربن لەلای مەلیك (العزیز) بەبەراورد بە میرەكانی تر (إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112) هەر بۆیە لە هەر ساڵی (590ك/1193ز) بەشێك لە میرو سەركردەیی كورد دوای تێكچوونی پەیوەندیان لەگەڵ مەلیك (العزیز) پەیوەندی بە مەلیك (الافضل)ەوە دەكەن كە یێك هاتبوو لە میر (الجناح) [23] و (علكان)[24] و ژمارەیەك سەركردەی تر، (المقریزي، 1997، ج1، ص233)ئەمەش دوای ئەوە هات كە مەلیك (العزیز) داهاتەكانی ئەو میرو سەركردانەی بڕیبوو دەستشی بەسەرناوچەكانی ئەواندا گرت، ئەوانیش ڕووی ئاڕاستەی سیاسیان گۆڕی چوونە لای مەلیك (الافضل)، ئەو مەلیكەش پێشوازیان لێ دەكات بەرامبەر بەم كارە سیاسیەیان چەند ناوچەیەكیان پێدان تاكو فەرمانڕەوای تێدا بكەن. (المقریزي، 1997، ج1، **ص233**).

**3- ڕۆڵی سیاسی میرەكان لە** هەڵمەتی **دووەمی مەلیك (العزیز) بۆسەر شاری (دمشق) لە ساڵی (591ك/1194ز).**

**1-3-دەست پێكردنی هێرشی مەلیك (العزیز) بۆ سەر (الشام).**

لە ساڵی (591ك/1194ز) مەلیك (العزیز) لە ووڵاتی (مصر)ەوە هەوڵەكانی دەست پێكرد بۆ دەست گرتن بەسەر ووڵاتی (شام) بۆ ئەم مەبەستە سوپایەكی زۆری لە هەر یەكە لە (الصلاحیة)كان و (الاسدیة)كان و كوردەكان پێكهێنا (إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112 ؛ حمدي عبدالمنعم محمد حسین، 2000، ص96) لە ووڵاتەكەیەوە بەڕێكەوت تاكو گەیشتە شوێنێك بە ناوی (الفوار) لە ناوچەی (السواد) ی (إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ محمد كرد علي، 1983، ج2، ص70) سەر بە (دمشق) (أبو الفداء ، د.ت، ج3، ص91 ؛ العمري، 1423هـ ، ج27، ص177) لەوێ چادرگەی هەڵدا (إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112 )و لەلایەكی تر نوێنەری نارده لای مەلیك (الظاهر) ی برای لە (حلب) و هاوپەیمانی لەگەڵی دروست كرد (إبن العدیم، 1996، ص433) مەلیك (العادل) كە مێژوو نووسان ستایشی دەكەن بە كەسایەتیەكی سیاسی لێزان هەروەك لەبارەیەوە دەڵێن (( خاوەن عەقڵێی گەورەیەو، بیروڕای بەهێزە، فێڵبازە و فێڵبازە ڕووی سیاسیەوە، ئارامگرو خۆڕاگرە، ڕقی لە كەس بێت گوێی بۆ دەگرێت و چاوشی لێدەپۆشێت ، خۆشی بۆهات و مەملەكەتەكەی فراوانتر بوو))((غزیر العقل سدید الآراء، ذا مكر وخدیعة، صبورا، حلیما، یسمع ما یكره ویغضي عنه، وأتته السعادة واتسع ملكه)) (العلیمي، د.ت، ج1، ص404 ؛ العلیمي، 2011، ج2، ص134 ؛ لویس شیخو، 2013، ج6، ص327 ؛ محمد كرد علي، 1983، ج2، ص80)، هەروەها ئەو كات دەسەڵاتی لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی هەبوو مەلیك پاش ئەوەی مەلیك (الافضل) زانی براكەی (العزیز) هێرش دەكاتە سەری ودەیەوێ دەست بەسەر (دمشق)دا بگرێ پەنای بردە بەر مەلیك (العادل)ی مامی دوای یارمەتی لێكرد و گووتی ((تۆ مامی منی لە پێگەی باوكمی و بە هاوكاری تۆ و مانەوەت لەگەڵم لە (دمشق) بەهێز دەبم، مەلیك (العزیز) ناتوانی بێتە ناو (دیمشق)ەوە)) ((أنت عمی ومقام والدی، وبقوة مساعدتك یقوی ساعدی، ومع إقامتك عندی بدمشق لا یقدم علی الملك العزیز)) بۆیە ئەویش بەدەم داواكاریەكەوەی چوو بۆ ئەمەش گەیشتە شاری (دمشق) (إبن واصل، 1957، ج3، ص46) هەوڵەكانی دەست پێكرد بۆ شكست پێهێنانی هەڵمەتەكەی بۆ ئەمەش دەستی كرد بە پەرتەوازە كردنی سوپاكەی تاكو ڕووی ئاڕاستەی سیاسیان بگۆڕێ، ئەمەش لە ڕێگای ناردنی نامەی نهێنی بۆ میر وسەركردەكانی سوپاكەی بەڵێنی بریقەداری پێدەدان (إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112) وەك پێدانی ماڵ وسەروەت وسامان وپێدانی چەند ناوچەیەك (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص33 ؛ مؤلف مجهول، 2010، ص219-220) (إبن العدیم) دەڵێت مەلیك (الافضل)یش لەگەڵ مامی پێكەوە نامەیان دەناردووە بۆ میر وسەركردەكان(1996، ص433)شایەنی باسە هەندێ مێژوونوسان وەك (سبط إبن الجوزي) و(مؤلف مجهول) پێیان وایە كە هێرشی دووەمی مەلیك (العزیز) بۆسەر (دمشق) لە ساڵی (590ك/1193ز) دەستی پێكردووە( 2013، ج22، ص33 ؛ 2010، ص219-220)، بەڵام (إبن الاثیر) پێی وایە لە ساڵی (591ك/1194ز) بووە( 1997، ج10، ص137) ئێمەش پێمان وایە لە ساڵی (591ك/1194ز) بووە چونكە (إبن الاثیر) هاوسەردەمی ڕووداوەكان بووە.

**2-3-هۆکاری جیابوونەوەی بەشێکی میر وسەرکردەکانی سوپای مەلیك (العزیز).**

مەلیك (العزیز) جیاوازی دەکرد لە نێوان مەمالیکەکانی باوکی کەناسرابوون (الصلاحیة)کان لەگەڵ مەمالیکەکانی مامی کەناسرابوون بە (الاسدیة)کان بەوەی مەمالیکەکانی باوکی لەپێشتر بوون لەلای وپێشیانی دەخست (إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص123) لەلایەکی تر میرە (الصلاحیة)کان ومیرە(الاسدیة)کان بەردەوام ڕکابەری یەکتریان دەکرد بەجۆرێ میرە (الاسدیة)کان ئیرەیان پێیان دەبرد [(]إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112) هەر تەنها ئەوەش نا بەڵکو بە شێوازێکی خراپ و بەگرژی وتوڕەییەوە مامەڵیان لەگەڵدا دەکرا، (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص33 ؛ مؤلف مجهول، 2010، ص219-220) مەلیك (العادل) ئەم هەلەی قۆستەوە هەوڵی ئەوەیدا تۆی دووبەرەکی لە نیوانیان بچێنێ هەوڵەکانشی سەرکەوتووبوو لە ڕێگای ئەونامانەی کەدەینارد توانی دووبەرەکی لە نێوانیان دروست بکات لەلایەکی تر کاری دەکرد بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان مەلیك (العزیز) ومیرە (الاسدیة)کانیش تێك بدات بە هەمان ڕێگای ناردنی نامەی نهێنی بەمەش توانی پەیوەندیان تێك بدات(إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112) تاکو وای لێهات مەلیك (العزیز) ترسی بەرامبەر بە (الاسدیة)کان هەبێت بۆیە دەسەڵاتی ئەوانی کەمکردووە، تەنها میرە (الاسدیة)کان نەبوو کە دەسەڵاتی سیاسیان کەم کرایەوە بەڵکو کوردەکانیش هەمان چارەنووسیان هەبوو لەلای مەلیك (العزیز) وەك ئەوەی (سبط إبن الجوزی) دەڵێت کە میری کورد (أبو الهیجاء السمین) لە جێگرایەتی خۆی لەسەر شاری (القدس) لای برد، لەلایەکی تریش میری گەورەی (الاسدي) (سیف الدین یازکوج) ماف و دەسەڵاتی کەم کرایەوە، ( 2013، ج22، ص33 ) ئەمەش بوو وای کردبوو کە لە ڕووی سیاسیەوە پلەو پایەیان کەم بکاتەوە بە جۆرێ ئەم دووبەرەکیە لە ڕەفتار وهەڵسوکەت وسیمایان ڕەنگی دابوو وە(إبن واصل، 1957، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112).

**3-3-جیابوونەوەی بەشێکی میر وسەرکردەکانی سوپای مەلیك (العزیز).**

ئەو هەڵسوکەوتەی مەلیك (العزیز) بووە هۆی ئەوەی کەوا میرە (الاسدیة)کان و کوردەکان ومەهرانیەکان ڕێکەوتن لە مەلیك (العزیز) جیاببنەوە، گەورەی کوردەکانیش ئەوکات میر (أبو الهیجاء السمین) بوو بۆ ئەمەش لەگەڵ میرە (الاسدیة)کان کۆبوونەوە وبەهۆی ترسیان لە مەلیك (العزیز) لەلایەك و لەلایەکی تر ئەو بەڵێنە بریقەدارانەی کە پێیان درابوو بڕیاریاندا کە ڕووی ئاراستەی سیاسیان بگۆڕن وبچنە پاڵ مەلیك (العادل) ومەلیك (الافضل) (إبن واصل، 1957، ج3، ص46) بۆیە (أبو الهیجاء السمین) ومیر(سیف الدین یازکوج) لە شەودا ڕۆیشتن وخێوەدگاکەیان بەجێهێشت، کاتێکیش مەلیك (العزیز) بینی کە خێوەدگاکەی ئەوانی تێدانەماوەو ڕۆیشتوون لە ڕووی سیاسیەوە کاریگەری زۆری کردە سەری وبڕیاریدا کە بگەڕێتەوە وولاتی (مصر) (سبط إبن الجوزی، 2013، ج22، ص34 ؛ مؤلف مجهول، 2010، ص220 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص123)، (إبن واصل) دەڵێ هەتاکو ئەو کاتیش مەلیك (العزیز) باوەڕی وانەبوو کە (أبو الهیجاء السمین) سوێندەکەی بشکێنێ کە پێی دابوو، تێك چوونی پەیوەندیەکانی میر (أبو الهیجاء السمین) لەگەڵ (العزیز) بە جۆرێ بوو وای لێکرد کە لەگەڵ میرە (الاسدیة)کان کۆببێتەوە تاکو وای لێکردن کە پەیوەندی بە مەلیکەکانی (دمشق)ەوە بکەن و بۆ ئەوەی پێکەوە هێرش بکەنە سەر (مصر) ئەو وولاتە لە مەلیك (العزیز) وەربگرنەوە کە پێشتر مەلیکی ئەوان بووە (1957 ، ج3، ص46 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص112).

(إبن الفرات) بە ووردی باسی جیابوونەوەی میرەکانمان بۆ دەکات دەڵێ لە دەورووبەری چواری مانگی شەوالی (591ك/1195ز) هەریەکە لە میر (أبو الهیجاء السمین) وکوردەکان ومهرانیەکان و(الاسدیة)کان پێکەوە شەوەدا بەرەی سیاسی خۆیان گواستەوە وڕۆیشتن جگە لەوانە باسی (بدرالدن)ی کوری (کیام) [(25)] و(علم الدین کرجي)[(26)] کۆمەڵێکی تریش دەکەن کە چوونە بەرەی (دمشق) سەرەڕای باس لە چوونی ژمارەیەك مەمالیکی خودی مەلیك (العزیز)یش دەکەن ( 1969، مج4، ج2، ص113) وەکو باسمان کرد مەلیك (العادل) ومەلیك (الافضل) لە پشت جیابوونەوەی وهەڵگەڕانەوەی (أبو الهیجاء السمین) و(سیف الدین یازکوج) وتەواوی میرە (الاسدیة)کان ومەهرانیەکانەوە بوون تاکو بێنە ناو (دمشق)ەوە هەرچیەکیان بووێ بیاندەنێ بۆ ئەمەش پەیمان وسوێندیان خوارد، هەرچەندە مەلیك (العزیز) پاش ئاگادار کردنەوەی لە هەڵوێستی ئەوە میرانە وپێش ڕۆیشتنیان هەوڵەکانی دەست پێکرد بۆ ئەوەی لەگەڵی بمینێنەوە بۆیە چووە لای (أبو الهیجاء السمین) تاکو پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام ئەو میرە لە هەڵوێستەکەی پەشیمان نەبۆوە وپێی ڕاگەیاند کە ئەو ناتوانێ پاشگەز ببێتەوە، هەروەها پێی ڕاگەیاند کە مەلیك (الافضل)ی برای مافی مەلیکایەتی هەیە بە پێی فرمانی باوکی، ((ما أقدر أعود عما أنا علیه ولو جری ما جری، والحق فی السلطنة لاخیك الافضل بعهد من أبیه)) دواتریش

چوونە بەرەی (دمشق)ەوە لە پێنجی شەوال دا (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص113) هەرچەندە میرە كورد و(الاسدية)كان ڕقیان لە مەلیك (العادل) بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەلیك (العادل) هاوپەیمانی مەلیك (الافضل) بوو لەلایەك لەلایەكی تر ئەوەی ڕكابەرایەتی مەلیك (العزيز)شی دەكرد بۆیە چوونە بەرەكەیەوە، هەروەها هەر ئەو میرانە بوون كە هانی مەلیك (العادل)یان دا تاكو دەست بەسەر (مصر)دا بگرێ(سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص34 ؛ مؤلف مجهول، 2010، ص220 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص123).

**3-4-هەڵوێستی سیاسی میرەكانی تری مەلیك (العزيز) دوای جیابوونەوەی بەشێك لە میرەكانی.**

میر (هكندري) كە یەكێك بوو لە میرە كوردە (الحميدية)كان دژایەتی (الاسدية)كانی دەكرد لە سوپای مەلیك (العزيز)دا، كاتێك گوێ بیستی ئەوە بوو كە ئەو میرانە كۆبوونەتەوە وبڕیاریان داوە كە سوپا بەجێبهێڵن هەواڵەكەی گەیاندە مەلیكەكەی وپێیڕاگەیاند كە نیازیان چیە، بەڵام مەلیك (العزيز) هەڵوێستێكی ئەوتۆی نیشان نەدا لەبەر ئەوەی كەسایەتیەكی بەتوانا بوو توانی خۆی ڕابگرێ بەرامبەر بەو شكستە سیاسیەی بەری كەوت، لەلایەكی تر میرە (الصلاحية)كان (إبن واصل، 1957، ج3، ص47 )و میرەكانی تر (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص115) بە مەلیك (العزيز)یان گووت لێمان گەڕێ با بەدوایان بكەوین وشەڕیان لەگەڵ بكەین ((دعنا نتبعهم ونقاتلهم ونتركهم عبرة المعتبر))، بەڵام ئەو ڕێگای نەدان پێیانی گووت لیان گەڕێ با بۆ هەر كوێیەك دەڕۆن بابڕۆن، هەروەها سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەو سوپایەی كە لێی جیابووە بەشێكی زۆری سوپاكەی بوون(إبن واصل، 1957، ج3، ص48 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص115) بۆیە مەلیك (العزيز) بە ناچاری هەڵمەتەكەی هەڵوەشاندەوە ولەگەڵ پاشماوەی ئەو سوپایەی كە لەگەڵی دابوون ڕووی ئاراستەی (القاهرة)ی گرتە بەر(إبن واصل، 1957، ج3، ص48)بەشێوەیەك ماوەی هێرشكە و مانەوەی لە ناوچەی (الفوار) زیاتر لە یەك مانگی خایاندووە بە بەڵگەی ئەوەی (أبو شامة) دەڵێت لە مانگی ڕەمەزان گەیشتە ئەو ناوچەیە دوای ( 2002، ص7) هەروەها (إبن واصل)یش دەڵێت لە پێنجی مانگی شوال هەمان ساڵ بە هاوبەشی مەلیك (الافضل) ومەلیك (العادل)  بەدوای سوپای مەلیك (العزيز) كەوتوون (1957، ج3، ص50-51) ئەوەی مەلیك (العادل) ومەلیك (الافضل) هاوپەیمانیەتیەكەیان دروست كرد بە دوای مەلیك (العزيز) كەوتن بەرەو ووڵاتی (مصر) (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص34 ؛ مؤلف مجهول، 2010، ص220 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص123) لەلایەكی تر مەلیك (العزيز) ترسی سیاسی لەو (الاسدية)یانە هەبوو كە (القاهرة) مابوونەوە (المقريزي، 1997، ج1، ص240) ترسەكەشی لەوە بوو كە ئەوان بە سیاسەتی خیانەتی هاوەڵەكانینان ڕازیبن وهەمان سیاسەتی ئەوان بگرنە بەر چونكە بەشێك لەوان بەرپرسیارەتی گەورەیان هەبوو لە ووڵاتەكەیدا وەك میر (بهاء الدين قراقوش)[27] كە یەكێك بوو لە میرە ناودارە (الاسدية)كان وەك جێگری مەلیك (العزيز) بوو لە شاری (القاهرة)، بەڵام ئەوان نیازپاكی خۆیانیان بۆ دەربڕی هەر لەژێر دەسەڵاتی مەلیك (العزيز) مانەوە وبەش تەواوی ئەو (الاسدي)انەی كە لەووڵاتە مابوونەوە هەر لە ژێر دەستی مانەوە  ئەویش زۆر بەباشی میهرەبانی لەگەڵیان جووڵایەوە (إبن واصل، 1957، ج3، ص48 -49؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص116).

**3-5-كاریگەری شكستەكەو ڕۆڵی میرەكان لە هاندانی مەلیك (العادل) ومەلیك(الافضل) بۆ دەست گرتن بەسەر ووڵاتی (مصر)دا.**

لە ساڵی (1194/591ز) باسی ئەوەمان كرد دوای جیابوونەوەی میرە (الاسدية)كان وكوردەكان و ئەوانی تر، لە سوپاكەی مەلیك (العزيز) كە بووە هۆی لاوازی ئەو مەلیكە بەناچاری ڕووی ئاراستەی گەڕانەوەی بۆ ووڵاتەكەی گرتەبەر(إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص118)هەر لەوكاتەدا نوێنەری میر (أبو الهيجاء السمين) گەیشتە لای مەلیك (العادل) داوای ئەوەی لێكرد كە بە خێرایی سوپا پێك بهێنن وبەرەوە ووڵاتی (مصر) بجوڵێن تاكو ئەو ووڵاتە لە دەستی مەلیك (العزيز) دەربهێنن، چونكە ئەو مەلیكە بەشێكی زۆری سوپاكەی لەدەست داوە بەشێكی كەمی لەگەڵدا ماوە، هەروەها داوای لێكرد كە پەلە بكات لە هێرش كردن بۆ سەر ئەو مەلیكە پێش ئەوەی بگاتەوە مەملەكەتەی خۆی چونكە ئێستا ئەو لاوازە (إبن واصل، 1957، ج3، ص50-51).

مەلیك(العادل) ومەلیك(الافضل) دەستیان كرد بە كۆبووەنەوە بە بەژداری نوێنەری میرەكان ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی لەوكاتەی دەست بەسەر ووڵاتی (مصر) دەگرن ئەوا ئەو ووڵاتە بۆ مەلیك (الافضل) دەبێت بەرامبەر ئەوە دەبێت (دمشق) ڕادەستی مەلیك (العادل) بكرێ (إبن الاثير، 1997، ج10، ص138 ؛ إبن كثير، 1997، ج16، ص669 ) بە پێچەوانەوە (إبن واصل) دەڵێ هەردوولا ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی ووڵاتی (مصر) لە نێوان خۆیان دابەش بكەن(1957 ، ج3، ص51 ؛ إبن كثير، 1997، ج16، ص669).

مەلیك (الافضل) ومەلیك (العادل) سوپایەكیان لە هاوپەیمانەكانیان كۆكردەوە لە نێوانیاندا میر(سابق الدین إبن الدایة) [28] هەبوو كە لە شەوی شەشی شەوالی هەمان ساڵ سوپا دەرچوو بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی وولاتی (مصر)[29]، لە لایەكی تر میرە (الاسدیة)كان زۆر حەز وئارەزوویان هەبوو لەوەی پێش مەلیك (العزیز) بچنە وولاتی (مصر)ەوە دەستی بەسەردا بگرن، بەڵام نەگەیشتنە مەبەستەكەیان بۆیە مەلیك (العادل) فەرمانی پێكردن كە پەلەنەكەن چونكە ئامانجەكەمان هێشتا لە دەست دەرنەچووە (إبن واصل، 1957، ج3، ص51؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص118) مەلیك (العزیز) كاتێك بۆی دەركەوت توشی شكست دەبێت بەناچاری بە ئاراستەی (مصر) گەڕایەوە، چونكە هیچ شوێنێكی تری شك نەدەبرد تاكو بۆی بڕوات، هەروەها لە ڕێگای گەڕانەوەشی هیواش هێواش میرو سەربازەكانی بەجێیان دەهێشت (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص138).

مەلیك (الافضل) ومەلیك (العادل) هەوڵەكانیان دەست پێكرد بۆ دەست گرتن بەسەر ناوچەكانی ژێر فەرمانڕەوایی مەلیك (العزیز) لەم پێناوەش مەلیك (الافضل) پەیوەندی كرد بە میر (عز الدین جردیك النوري) [30] كرد (إبن واصل، 1957، ج3، ص51؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص119) كە جێگری مەلیك (العزیز) لە شاری (القدس) داوای لێكرد كە شارەكەی ڕادەست بكات، ئەویش ڕازی دەبێت (إبن واصل، 1957، ج3، ص52)، بەڵام بەمەرجی سیاسی ڕازی دەبێت بەبەڵگەی ئەوەی (إبن الفرات) دەڵێت لەو كاتەی مەلیك (الافضل) چووە شارەكە میر (عز الدین جردیك) ڕادەستی كرد وئەویش چەندین ناوچەی پێدا وەك (بیسان) [31] و(كوكب) [32] و(الخولان)[33]چەند ناوچەیەكی تر[34] (1969، مج4، ج2، ص120) مەلیك (العادل) ومەلیك (الافضل) پێكەوە ڕێكەوتن كە شاری (القدس) ڕادەستی میر (أبو الهیجاء السمین) بكەن، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تاكو ئەو میرە لە ڕووی سیاسیەوە زیاتر لەگەڵیان پابەند بێت كاریگەریەكەشی بەدیار كەوت كە بووە هۆی ئەوەی كە لەگەڵ هەردوو مەلیك بەژدار بێت لە هێرشەكەی سەر (مصر)(إبن واصل، 1957، ج3، ص52).

**3-6-چارەنووسی سیاسی میرە كورد و(الاسدیة)كان دوای پەیوەندی كردنیان بە مەلیك (الافضل) ومەلیك (العادل).**

هەر لە ساڵی (591ك/1194ز) هەریەكە لە مەلیك (الافضل) ومەلیك(العادل) میرە كوردو (الاسدیة)كان ڕوویان كردە وولاتی (مصر) تاكو لە دەستی مەلیك (العزیز) دەری بهێنن، بەڵام لەو كاتەی مەلیك (العادل) بینی كە میرەكان لەدەوری مەلیك (الافضل) كۆبوونەتەوە ترسێكی سیاسی لێنیشت ترسەكەشی لەوە بوو كە لەو كاتەی كە (مصر) دەگرن مەلیك (الافضل) كە پابەندی ڕێكەوتنەكەی نەبێت لەوەی كە (دمشق)ی بداتێ (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص138 ؛ إبن خلدون، تاریخ إبن خلدون، 1981، ج5، ص385)، لەلایكی تر لەو كاتەدا میرە (الاسدیة) وكوردەكان ترسیان لێدەبینرا ترسەكەش بێگومان لە مەلیك (العزیز) بوو چونكە كارێكی خراپیان بەرامبەر مەلیك (العزیز) ئەنجام بوو (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص120)، بۆیە مەلیك (العادل) بە نهێنی پەیوەندی كرد بە مەلیك (العزیز) داوای لێكرد لە شاری (بلبیس) خۆی قایم بكات (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص138) بە هۆی ئەوەی شارەكە دەكەوێتە سەرە ڕێگای (الشام) لە وولاتی (مصر) (یاقوت الحموي، 1995، ج1، ص479)، هەروەها پێیگوت ئەو ناهێڵێ مەلیك (الافضل) وهێزەكەی هێرش بكەنە سەری بۆیە مەلیك (العزیز) هەرچەندە مامی لەو كاتەدا دژمنی بوو بەڵام، بە ناچاری باوەڕی بە بەڵێنەكەی كرد چوونە ئەگەر بڕوای پێنەكردایە لەوانەیە وولاتی (مصر)شی لە دەست بدایە، هێزە (الصلاحیة)كانیش بە سەركردایەتی میر (فخر الدین جهاركس) بوو (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص138 ؛ الذهبي، 2003، ج12، ص929) ومیرەكانی مەلیك (العزیز) كە هەموو پێكەوە لە شارەكە خۆیان قایم كرد وهەموو پێوستیەكانی تێدا ئامادەكرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەمارۆدان (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص120 )هەرچەندە مەلیك (الافضل) وویستی ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بەڵام مەلیك (العادل) چەندین بیانووی هێنایەوە نەیهێشت هێرش بكەنە سەریان (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص138 ؛ الذهبي، 2003، ج12، ص929).

بارودۆخی ئابووی وولاتی (مصر) زۆر ناجێگیر بوو بە هۆی زیاد بوونی ئاوی ڕووباری (النیل)ەوە نە دەتوانرا بە ئاسانی كەلوپەل بگواستنەوە بۆ شارەكە [35] بۆیە نرخەكان زیادی كرد و بەجۆرێ بارودۆخی (الاسدیة)ن و كوردەكان زۆر خراپ بوو تاكو وای لێهات پەشیمان ببنەوە لەو هەڵگەڕانەوە سیاسیەی كە بەرامبەر مەلیك (العزیز) ئەنجامیان دابوو(إبن واصل، 1957، ج3، ص52).

پاش تێپەر بوونی چەند ڕۆژێ (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص138 )مەلیك (العادل) هەستی بەوە كرد كە بەرژەوەندی هەمووان لەوەدایە كە ئاشتی بەرقەرار بكەن (إبن واصل، 1957، ج3، ص53)بۆیە بەنهێنی پەیوەندی كرد بە مەلیك (العزیز)ەوە داوای لێكرد كە (القاضي الفاضل) بنێرێ تاكو ڕێكەوتی لەگەڵدا بكەن چونكە ئەو پایەكی گەورەو گرنگی لەناو بنەماڵەی ئەیوبیەكان هەبوو هەر لە سەردەمی سوڵتان (صلاح الدین)ەوە، ئەمەش وای كرد بنەماكانی ڕێكەوتن لە نێوان هەردوولادا دابڕێژرێ (إبن الاثیر، 1997،

ج10، ص138 ؛ محمد كرد علي، 1983، ج2، ص71-72)، هەروەها ئاماژە بەوە کرا کە دەبێت مەلیك (العزیز) لە تاوانی میرە کورد و(الاسدیة)کان خۆش بێت کە بەرامبەری کردوویانە، هەروەها هەموو ناوچەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە لە لێیانی وەرگرتوو بوون (إبن واصل، 1957، ج3، ص53-54) مەلیك (العزیز) بەمە ڕازی بوو کە لێیان خۆش ببێت ناوچەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە وهیچ شتێ لەدڵی نەمینێ بەرامبەریان، بۆ ئەمەش سوێندی خواردن ئەوانیش سوێندیان بۆ خوارد ومیرەکانیش گەڕانەوە خزمەتی (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص125 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص240).

(إبن العديم) دەڵێ یەکی لە مەرجەکانی ڕێکەوتنەکە ئەوە بوومەلیك (العزیز) لە میرە(الاسدیة)کان خۆشبێت واتا تەنها ناوی میرە (الاسدیة)کانی هێناوە، هەروەها باسی ئەوە دەکات ودەڵێت لەکاتەی مەلیك(الافضل) گەڕایەوە بۆ (دمشق) میری کورد (أبو الهيجاء السمين)ش لەگەڵدا بوو ئەمەش بەتەواوەتی بۆمان ڕووندەکاتەوە کە تەنها لە میرە (الاسدیة)کان خۆش بووە( 1996، ص433) مەلیك (الافضل)یش سەرەڕای ئەو ناوچانەی کەلەژێر دەستی دابوو هەریەکە لە ناوچەکانی (فلسطين) و(طبرية)[36] و(الاردن)ی وەرگرت، مەلیك (العادل)یش جگە لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی دابوو بڕیاردرا لە پاڵ مەلیك (العزیز) لە وولاتی (مصر) بمێنێتەوە (إبن الاثير، 1997، ج10، ص138-139 ؛ إبن خلدون، تاريخ إبن خلدون، 1981، ج5، ص385) بۆ هاوکاریکردن لە بەڕێوەبردنی وولاتەکەی لەدواتردا هەریەکەو گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان(إبن واصل، 1957، ج3، ص53 ؛ أبو الفداء، د.ت، ج3، ص91 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص125 ؛ العليمي، 2011، ج2، ص102)لەلایەکی تر مەلیك (الظاهر) مەلیکی (حلب) بەهۆی ئەو ڕێکەوتنەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ مەلیك (العزیز)ی برای تێکچوو (إبن العديم، 1996، ص433).

**4-ڕۆڵی سیاسی میرەکان لە هەڵمەتی سێیەمی مەلیك (العزیز) بۆسەر شاری (دمشق) لە ساڵی (592ك/1195ز).**

**4-1-ڕۆڵی میرەکان لە سەرهەڵدانی ناکۆکی سیاسی لە نێوان مەلیك (العزیز) و(الافضل) .**

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە مەلیك (الافضل) لە ساڵی (591ك/1194ز) گەڕایەوە شاری (دمشق) دوای ئەوەی ڕێکەوتنامەی لەگەڵ برایەکەی مۆر کرد هەر بە پێی ڕێکەوتنامەکەش مەلیك (العادل) لە وولاتی (مصر) مایەوە، بۆ هاوکاری کردنی مەلیك (العزیز) لە کاروباری دەوڵەتدا (إبن واصل، 1957، ج3، ص54 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص125 ؛ العليمي، 2011، ج2، ص102) دوای ڕێکەوتنامەکە بەشێکی زۆری میرەکان لەلای مەلیك (العزیز) مابوونەوە لە وولاتی (مصر)، جارێکی تر وەزیر (ضياء الدين إبن الاثير) وەزیری مەلیك (الافضل) بووە خاڵی ناکۆکی نێوان هەردوو مەلیکی برا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لێی ناڕازی بوون، یەکێ لەوانە میر (صارم الدين قايماز النجمي) و ژمارەیەك کەسایەتی ناوداری دەوڵەتەکەی هەستان نامەیەکیان بۆ مەلیك (العادل) ناردوو ناڕەزای وسکاڵای خۆیان بۆ دەربڕی, بە هۆی ئەو مامەڵە خەراپەی کە لە گەڵیان ئەنجامی دەدا بۆیە مەلیك (العادل) بەرامبەر بەو کردەوانەی ئەو وەزیرە زۆر تووڕە دەبێت وهەستا نامەیەکی بۆ مەلیك (الافضل)ی برازای دەنێری پێی ڕادەگەیەنێت کەواز لەو وەزیرە خراپە بهێنێت ((أرفع يد هذا الأحمق السيئ التدبير، القليل التوفيق))، کەچی مەلیك (الافضل) گوێی بە ئامۆژگاریەکانی مامی نەدا (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22 ص35 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص125 ؛ محمد كرد علي، 1983، ج2، ص71).

لە ساڵی (592ك/1195ز) مەلیك (العادل) لەگەڵ مەلیك (العزیز)ی برازای بڕیاری ئەوەیاندا کە بەرەو (دمشق) بڕۆن بۆ لابردنی ئەو گەندەڵیانەی کە ئەو ناوچانەی گرتۆتەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە مەلیك (العادل) توانی دەسەڵاتی مەلیك (العزیز) لەو وولاتە جێگیر بکات، خۆشی لە برازاکەی بەتەواوی نزیك بکاتەوە لە ڕێگای یەکێك(إبن واصل، 1957، ج3، ص55)لە میرە تورکەکانەوە(إبن الفوطي، 1416هـ ، ج1، ص188)بە ئەنجام گەیاند کە ئەویش میر (عز الدين اسامة) بوو کە کەسایەتیەکی نزیکی مەلیك (العزیز) دادەنرا لەو کاتەدا جگە لەوەش بە پەردەداری (الحاجب)[37]ی ئەو مەلیکە بوو ئەم میرە کاری کرد بۆ نزیك کردنەوەی نێوان هەردوو مەلیکی مام وبرازا(إبن واصل، 1957، ج3، ص55 ؛ إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص131).

لە ئەنجامی ناڕەزایە بەردەوامەکانی میرو سەرکردەکانی شاری (دمشق) گوێ پێنەدا بە دواکاریەکانیان سەرئەنجام بووە هۆی ئەوەی بەشێك لەوانە ڕای سیاسی خۆیان بگۆڕن بە دوای بەرژەوەندی زیاتری خۆیان بکەون، لە نموونەی ئەمانە میر (صارم الدين قايماز النجمي) بوو کە پەیوەندی بە مەلیك (العزیز) و (العادل)ەوە کرد لە وولاتی (مصر)، ئەو دوو مەلیکەش دواجار بڕیاریاندا کە هێرش بکە سەر وولاتی (شام) لە ژێر دەستی مەلیك (الافضل) دەریبهێنن تاکو کاروباری ئەو شارە چاك بکەن وخراپەکاری گەندەڵیەکانی لە

ناو بەرن،(المقریزي، 1997، ج1، ص243) هەردووكیانیش لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كە لەكاتەی دەست دەگرن بەسەر شارەكەدا دەگرن مەلیك (العادل) فەرمانڕەوای شارەكە بگریتە دەست بەس بە ناوی مەلیك (العزیز)ەوە حوكم بكات و پارەو ووتاری ڕۆژی هەینی بەناوی ئەوەوە ببت (أبو الفداء، د.ت، ج3، ص92 ؛ مجیر الدین العلیمي، د.ت، ج1، ص398 ؛ محمد كرد علي، 1983، ج2، ص71).

**2-4-ڕۆڵی سیاسی میرەكان لە چارەسەر كردنی گرژیەكانی لە نێوان مەلیك (العزیز) و(الافضل) .**

هەر لەساڵی (592ك/1195ز) نوێنەری مەلیك (الظاهر) گەیشتە وولاتی (مصر) بە ئامانجی بەرقراركردنی ئاشتی هێوركردنەوەی بارودۆخەكە لە نێوان هەردوو مەلیكی برا (أبو شامة، 1997، ج4، ص428) كە (الافضل) و(العزیز) بوون ئەو نوێنەرانەی كە ڕۆڵی سیاسی بینی كە پێكهاتبوون لە هەریەكە لە مەلیك (الزاهر) [38] ی برای خۆی و(إبن شداد) [39] ومیر (سابق الدین)ی كوڕی (الدایة) فەرمانڕەوای شاری (شیزر)، نوێنەرەكان لەو كاتەی گەیشتنە وولاتی (مصر) لەلایەن مەلیك (العادل)ەوە شوێنێك بەناوی (بركة الجوب) [40] پێشوازی لێكران (إبن العدیم، 1996، ص433 ؛ المقریزي، 1997، ج1، ص244) پاش گفتوگۆكردن نەگەیشتنە هیچ ڕێكەوتنێك بۆیە شاندەكە بەدەستی خاڵی گەڕانەوە شاری (حلب)(إبن العدیم، 1996، ص433)، شاندەكە بە تەواوی هەستیان بەوە كردبوو كە مەلیك (العزیز) ومەلیك (العادل) دەیانەوێ هێرش بكە سەر شاری (دمشق) بۆیە لەڕێگای گەڕانەوەیان بە (دمشق)دا تێپەڕین مەلیك (الافضل) یان لەو نیازە ئاگاداركردووە وهەواڵەكەیان پێڕاگەیاند (إبن واصل، 1957، ج3، ص59).

(إبن الدواداري) دەڵێت بەگشتی میرەكان ڕۆیان بینی لە هاندان وبەهێز كردنی ئیرادەی مەلیك (العزیز) بۆ دەست گرتنی بەسەر (دمشق)دا (1972، ج7، ص128) مەلیك (العزیز)یش هەر لەم ساڵەدا لە (مصر)ەوە بەڕێكەوت بۆ دەستگرتن بەسەر (دمشق) تاكو گەیشتە بە قەڵای (الداروم) بە خۆیان سوپاكانیان، (أبو شامة، 1997، ج4، ص429 ؛ إبن واصل، 1957، ج3، ص61) مەلیك (الافضل)یش دوای ئەوەی وەفدەكە ئاگاداریان كردەوە كە هێرش دەكەنە سەری بۆیە هەستا بەناردنی نوێنەر بۆلای مامی مەلیك (العادل) ومەلیك (العزیز) برای تاكو ڕازی بكات لەسەر ئەوەی كە هێرش نەكاتە سەری، بۆ ئەمەش میرێكی بە ناوی (فلك الدین سلیمان) [41] نارد (أبو الفداء، د.ت، ج3، ص92 ؛ العمري، 1423هـ ، ج27، ص178 ؛ إبن الوردي، 1996، ج2، ص109 ؛ محمد كرد علي، 1983، ج2، ص71 ) كە هەڵگری پەیامێكی زارەكی بوو، ( إبن واصل، 1957، ج3، ص61) بە ڕای ئێمە هەڵبژاردنی ئەو میرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی برای مەلیك (العادل) بوو لە دایكیەوە تاكو لەو ڕێگایەوە كاریگەری خۆی دروست بكات هەوڵەكانی بۆ ڕێگری كردن سەركەوتوو بێت، دوای ڕاگەیاندی پەیامەكەی مەلیك (العزیز) پێشوازی لێكردوو بەهەمان شێوەی مەلیك (العادل)ی براشی پێشوازی لێكرد پاش مانەوەی ڕۆژێك (إبن واصل، 1957، ج3، ص61)لەلایان دیارە ئەم میرە هەوڵە سیاسیەكانی بۆ ڕازی كردنی ئەو دوو مەلیكە بۆ هێرش نەكردنە سەر (دمشق) تاكو ڕادەیەك سەركەوتوو بووە وەكو ووتمان، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو دوو مەلیكە مەرجیان بۆ مەلیك (الافضل) دانا بوو چاوەڕوانی وەڵام بوون، پاش پێگەیاندی مەرجەكان بە مەلیك (الافضل)ڕەتی كردووە وبڕیاری بەرگری كردنیدا لە (دمشق) (أبو شامة، 1997، ج4، ص429) مەلیك (الظاهر)یش دوای ئەوەی نوێنەرەكانی بەدەستی خاڵی هاتنەوە بڕیاریدا خۆی بداتە پاڵ مەلیك (الافضل) وبڕیاری هاوكاری كردنی پێدا دژی مام وبراكەی تری بۆ ئەمەش نوێنەری ناردە لای (**إبن** واصل، 1957، ج3، ص60).

**3-4-ڕۆڵی سیاسی میرەكان لە گرتنی (دمشق) لە لایەن مەلیك (العادل) ومەلیك(العزیز).**

دوای گەیشتنی سوپا بۆ (دمشق) شارەكە گەمارۆدرا بۆ ماوەی نزیكەی مانگێك بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبەڕوبونەوەیەكی ئەوتۆ لە نێوانیان ئەنجام بدرێ، مەلیك (العادل) هەوڵەكانی دەست پێكرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی دوور لە شەڕ ئامانجی خۆیان بپێكێت، بۆیە دەستی كرد بە ناردنی نامە بۆ میرەكانی مەلیك (الافضل) هەندێ لەو میرانە[42] بەهۆی خراپی وەزیر ومەلیك (الافضل) وای كرد بەنهێنی خۆیان بدەنە پاڵ ئەوان لە دەرفەتێكدا دەرگای شارەكەیان بۆ بكەنەوە (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22 ص35-36).

سەرئەنجام مەلیك (العادل) لە ڕێگای بەڵێنی بریقەدار بە میرو سەركردەكانی مەلیك (الافضل) لەناو (دمشق) وای كرد سەرەنجی یەكێك لە سەركردەكانی (إبن واصل، 1957، ج3، ص61)بۆلای خۆی ڕابكێشێ دەرگای شارەكەیان بە نهێنی بۆ بكاتەوە، ئەم كارەشی ئەنجامدا توانی دەرگای ڕۆژهەڵاتیان بەڕوویاندا بكاتەوە لەوێوە مەلیك (العادل) بچێتە ناو شارەكەوە(سبط إبن الجوزي، 2013،

ج22 ص35 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص125) کە وای کرد بە ئاسانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرن بەهۆی خیانەتی ئەو میرەوە لە مەلیك (الافضل) کردی (إبن نظيف الحموي، د.ت، ص7 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص246).

دواجار مەلیك (الافضل) بەناچاری لەگەڵ براکەی لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە شارەکەیان ڕادەست بکات بەرامبەر بەوە (صرخد) [43] وەرگرت (عمادالدين الاصفهاني، 2002، ص463 ؛ إبن الاثير، 1997، ج10، ص141) دواتر بەخۆی وماڵ ومنداڵ وکەس وکاری لەو شارە دەرچوو ڕووی کرد (صرخد) ،(أبو شامة، 1997، ج4، ص431) مەلیك (الظاهر)یش بە ناچاری لە ترسی مەلیك (العزيز)ی برای هەستا نوێنەری ناردە لای کە پێکهاتبوون لە (إبن شداد) ومیر (غرس الدين قلج)[44]، لەگەڵ خۆشیان دیاری کەل وپەلی گرانبەهایان بۆ بردبوو، نوێنەرەکان داوای ئاشتیان لە مەلیك (العزيز) کرد ئەویش لەسەر ئەوە ڕازی بوو کە پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ بە جۆرێ کە لە ووتاری ڕۆژی هەینی وپارەدا ناوی ئەو بهێنرێ مەلیك (الظاهر)یش بەوە ڕازی بوو(إبن واصل، 1957، ج3، ص70-71 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص251).

**4-4-کاریگەری گەمارۆی سێیەمی سەر (دمشق) لەسەر میر وسەرکردەکانی ئەو دەوڵەتە.**

دوای ئەوەی مەلیك (العزيز) لە ساڵی (592ك/1195ز) توانی دەست بەسەر (دمشق)دا بگرێ مەلیك (العادل) ی مامی بۆ ئەوەی شارەکەی ڕادەست بکات بە پێی ڕێکەوتنی نێوانیان هەستا میر (سيف الدين يازكوج)ی ڕاسپارد بۆ ئەم کارە سیاسیە (إبن نظيف الحموي، د.ت، ص5)کە پێشتر باسمان کرد کە گەورەی میرە (الاسدية)کان بوو (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22 ص69 ؛ إبن واصل، 1957، ج3، ص88 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص130) چونکە مەلیك (العزيز) لە بەڵێنەکەی تاکو ڕادەیەك پەشیمان بووە وویستی شارەکە هەر لە ژێر دەسەڵاتی مەلیك (الافضل)ی برای بهێڵێتەوە [45]، دیارە ئەم میرەش سەرکەوتوو بووە، چونکە مەلیك (العزيز) لەدواتردا شارەکەی ڕادەستی مامی کردووە (إبن أيبك الدواداري، 1972، ج7، ص130) ئەم کارەش بە ئامادەبوونی هەریەکە لە میرەکانی وەك (فخر الدين جهاركس) و(سنقر الكبير) و(عز الدين اسامة) و(سراسنقر) بوو(إبن نظيف الحموي، د.ت، ص5)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە میرە (الاسدية) و(الصلاحية)کان بەژداریان کردووە لەم هێرش وململانێیە سیاسیەی نێوان هەردوو مەلیکی برا چونکە (سيف الدين يازكوج)ی گەورەی میرە (الاسدية)کان وەك و ووتمان (فخر الدين جهاركس) گەورەی (الصلاحية)کان بوو (إبن واصل، 1957، ج3، ص88).

دواتر مەلیك (العزيز) خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ووڵاتی (مصر)، دوای ئەوەی شارەکەی بەجێهێشت بە (القدس)دا تێپەڕی کە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە فەرمان ڕەوای شارەکە درابووە دەست (أبو الهيجاء السمين) وەك پاداشتێك لە بڕی ئەو هەڵگەڕانەوە سیاسیە بوو کە کاتی خۆی دژی مەلیك (العزيز) ئەنجامی دابوو، دوای ئەوەی مەلیك (العزيز) گەیشتە شارەکە میر (أبو الهيجاء السمين) ترسی زۆری هەبوو کە تۆڵەی لێبکاتەوە، بەڵام مەلیك (العزيز) ئەمەی لەگەڵدا نەکرد بەڵکو لێی خۆش بوو بەو مەرجەی شارەکەی ڕادەست بکات وخۆشی ئەو شارە بە جێبهێڵێ ئەویش بەمە ڕازی بوو شارەکەی ڕادەست کرد وبەخۆی ماڵەکەیەوە ئەو شارەیان بەجێهێشت (إبن واصل، 1957، ج3، ص70-71) بەرەو شاری (بغداد) ڕۆیشت [46]، مەلیك (العزيز)یش شارەکەی ڕادەستی میرێکی تر کرد بەناوی (شمس الدين سنقر الكبير) (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22 ص36 ؛ المقريزي، 1997، ج1، ص247 ؛ إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص126).

هەروەها لە نێو ئەو میرانەی کە ڕووی ئاراستەی سیاسیان گۆڕی بۆ ووڵاتانی ناوچەکە میر (عز الدين جورديك النوري) بوو کە بە هۆی ئەو ململانیە ناوخۆیەوە بوو کە لە نێوان مەلیك (الافضل) ومەلیك (العزيز) بەرپا بوو، وای کرد لە باشترین میرەکانی دەوڵەتی ئەیوبی ئەو ووڵاتە بەجێبهێڵێ، ئەم میرە دوای ئەوەی مەلیك (الافضل) شاری (القدس) لێوەرگرتوە ڕووی ئاراستەی سیاسی خۆی گۆڕی ڕووی لە شاری (موصل) کرد [47] لەوێ لە ساڵی (594ك/1197ز) کۆچی دوای کردەوە (إبن كثير، 1997، ج16، ص683). هەروەها مەلیك (العزيز) لە (21ی محرم)ی ساڵی (595ك/1198ز) لە شاری (القاهرة) کۆچی دوایی کرد (إبن خلكان، **١٩٠٠**، ج3، ص251 ؛ إبن ايبك الدواداری، 1972، ج7، ص137 ؛ الذهبي، 1993، مج1، ص401).

**5-ئەنجام**

**لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە ئەمانەی خوارەوەن.**

- هەر لەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت دوایی کۆچی دوایی سوڵتان (صلاح الدين) جيهاد وتێكۆشان لەگەڵ خاچیەکان کەم بۆوە، بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لەو میر وسەرکردە ناودارانەی کە پێشتر بەردەوام لە بەری جەنگدا بوون دووربکەونەوە لە پیشەی سەرەکی خۆیان، بۆیە دەستیان کردە ناو کاروباری سیاسیەوە هانی مەلیکەکانیادا بۆ هێرش کردنە سەر یەکتری خۆخەریکردن بەسیاسەت و ئاڵنگایی ناوخۆییەوە ببێت بە پیشەیان. .

- هەروەها هەر دوایی کۆچی دوایی کردنی سوڵتان (صلاح الدين) میر وسەرکردانەکانی دەوڵەتی ئەیوبی دابەش بوون بەسەر هەریەك لە کوڕەکانی لەوانە (الافضل) و(الظاهر) و(العزيز)، ئەو میر وسەرکردانە دواجار لە پاڵ ئەوانەدا ڕۆڵی سیاسی زۆریان نواندووە بەشێکی دیار لە میر وسەرکردانە سیاسەتەکەیان وای کرد مەلیك (العزيز) لە هەوڵەکانی یەکەم ودووەمیدا بۆ دەستگرتن بەسەر (دمشق)دا سەرکەوتوو نەبێت.

- دابەش بوونی میر وسەرکردەکانی بەسەر لایەن وگروپ وکۆمەڵەکانی وەك (الاسدية) و(الصلاحية) و(کوردەکان) وای کرد هەریەکەو بەدوای پلەوپایە ودەسەڵاتی سیاسی وبەرژەوەندی زیاترەوەبن هەربۆیە بەشێك لەوان هانی مەلیك (العزيز)یاندا بۆ هێرش کردنە سەر (دمشق).

- هەر لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەمان بۆمان دەرکەوت کە بەشێکی زۆری میر وسەرکردەکان بەدوایی بەرژەوەندیی سیاسی ومادیی خۆیانەوە بوون لە کوێ ئامانجانجەکەیان بەدی بکردایە ئەوا خۆیان دەدایە پاڵ ئەو مەلیکە.

- بەهۆی کەم ئەزموونی سیاسی هەریەك لە مەلیکەکانی (الافضل) و(الظاهر) و(العزيز) وای کرد میر وسەرکردەکان دەست وەردان بکەن لە کاروباری سیاسی ئەو مەلیکانە.

**پەراوێزەکان**

(1) (الميمون القصري): ناوی تەواوی (فارس الدين ميمون القصري) بووە، یەکێك بووە لە میرە گەورەکانی سوڵتان (صلاح الدين) بۆیە نازناوی (الصلاحي) وەرگرتووە، لە کۆتا میرەکانی (صلاح الدين) بووە کە تاکو ساڵی (610ك/1213ز) لە ژیاندا مابووە لە شاری (حلب)یش کۆچی دوای کردووە، خاوەنی هەشتا مەملوك وهەشتا جارییە بووە، جگە لەوانە سەروەت وسامانێکی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت. (إبن واصل، 1957، ج3، ص220 ؛ کامل أسود قادر ،2016 ،ص304).

(2) (شمس الدين سنقر الكبير): یەکێکە لە مەمالیکەکانی سوڵتان (صلاح الدين) کە ناسراون (الصلاحية) ( إبن الاثير، 1997، ، ج10، ص137) مەلیك (العزيز)ی کوڕی (صلاح الدين) لە ساڵی (592ك/1195ز) بەرێوەبردنی شاری (القدس)ی داوە بەم میرە، بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی شارەکە تاکو ساڵی (594ك/1197ز) لەوێ کۆچی دوای دەکات، مەلیك (العزيز)یش بەڕێوەبردنی شارەکە دەداتە دەستی (صارم الدين ختلج) کە مەملوکی (عزالدين فرخشاه)ی کوڕی (شاهنشاه) ی کوڕی (نجم الدين ايوب) بوو. (إبن واصل، 1957، ج3، ص70،76).

(3) (فخرالدين جهاركس): ناوی تەواوی (شرکس)ی کوڕی (عبدالله الصلاحي)ە، هەروەها پێی دەڵێن (أياز شركس) ياخود (أياز جهاركس)، ئەم ناوەش واتا بە چوار سەد دینار کراوە، یەکێك بووە لە میرەکانی سوڵتان (صلاح الدين) لەگەڵ ئەودا بەژداری تەواوی شەڕەکانی کردووە، دواتر دەبێتە میری مەلیك (الافضل) پاشان لێ جیا دەبێتەوە ودەچێتە پاڵ مەلیك (العادل)، پاشان لە ساڵی (608ك/1211ز) کۆچی دوای کردووە. (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص188). ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە هەندێ لە توێژەوەرانی سەردەم پێیان وایە کە ڕەچەڵەکی کوردە، بەڵام ئەمە لە سەرچاوەکان بەدی ناکرێ. (جوتيار تمر، 2018، ص18)، هەروەها باس لەوە دەکرێ کە (الشركسية) ڕەگەزێکی تورکن. (العصامي، 1998، ج4، ص38) لە سەرچاوەی تر بە مەمالیکی سوڵتان (صلاح الدين) ناویان هێناوە (إبن نظيف الحموي، د.ت ص3).

(4) الصلاحية: ئەوانە مەمالیکی سوڵتان (صلاح الدين) بوون هەوەها ناسرابوونیش بە (الناصرية). (مؤلف مجهول، 2010، ص220).
پەراوێزی ژمارە

(5) (ضياء الدين إبن الاثير): ناوی تەواوی (نصر الله) ی کوڕی (محمد)ی کوڕی (محمد)ی کوڕی (عبدالكريم)ی کوڕی (عبدالواحد)، (الوزير الفاضل ضياء الدين أبو الفتح الشيباني الخزرجي) ناسراوە بە (إبن الاثير) لە ساڵی (558ك/1192ز) لە (جزيرة

إبن عمر) لە دایك بووە كەسێكی بە تواناو زیرەك بووە لە بواری (النحو) و(اللغة) و(علم البیان) توانایەكی باشی لە بواری (شعر) هەبووە، دەبێتە وەزیری مەلیك (الافضل)ی كوڕی (صلاح الدین). خاوەنی چەندین پەرتووكە لەوانە (المثل السائر في أدب الكتاب والشاعر) و (دیوان رسائل) لە ساڵی (637ك/1239ز) لە شاری (بغداد) كۆچی دوای كردووە (الاسنوي، 2002، ج1، ص72 ؛ السیوطي، د.ت، ج2، ص315).

(6) (إبن المشطوب) ناوی تەواوی (عماد الدین أحمد)ی كوڕی (علي)ە، كوڕی میری گەورە (المشطوب الهكاریة)، بۆیە ناسراوە بە (إبن المشطوب)، لە كوردە هەكاریەكانە یەكێك بوو لە میرە گەورەكان، هەموو میرەكانی وڵاتی (مصر) گوێڕایەڵی وملكەچی فرمانەكانی ئەو بوون بەتایبەتی كوردەكان (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص306).

(7) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بە هۆكاری پەشیمان بوونەوەی مەلیك (الافضل) لە پێدانی (بیت المقدس) بە مەلیك (العزیزی) برای تەماشایی. (إبن واصل، 1957، ج3، ص15) بكە.

(8) (جبیل): شارێكە دەكەوێتە كەناراوەكانی وڵاتی (شام)، كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری (بیروت). یاقوت الحموي، 1995، ج2، ص109.

(9) (استاذ دار): نازناوێكە دەدرا بەو كەسەی كە سەرپەرشتی پارەو سەروەت وسامانی سوڵتان یاخود میرێك دەكات وخەرجی دەكات فەرمانەكانی لەو بارەیەوە جێبەجێ دەكرد، ئەم ووشەیە لە دوو ووشەی فارسی پێك هاتووە یەكەم (استاذ) واتای وەرگرتن دێت دووەمیان (دار) بە مانای ئەو كەسەی كە دەست بەسەر پارەكەدا دەگرێ (القلقشندي، د.ت. ج5، ص430 ؛ سیپان حسن علی بنگلی، 2022، ص144)

(10) (صیدا): شارێكە دەكەوێتە كەناراوەكانی دەریای ناوەڕاست لە چیایەكانی (لوبنان) شوڕایەكی بەردینشی هەیە. (إبن شداد، 1962، ج2، ق2، ص98).

(11) (نابلس): شارێكی بەناوبانگە لە وڵاتی (فلسطین). (القزویني، د.ت، ص277).

(12) (عز الدین اسامة): ئەم میرە ناوی تەواوی (أبو نصر سامة) ی كوڕی (عبد الله التركي)ە، لەمیرە گەورە وناودارەكان بووە، سوڵتان (صلاح الدین) شاری (بیروت)ی پێداوە تاكو فەرمانڕەوای تێدا بكات (إبن الفوطي، 1416هـ ، ج1، ص188)، هەروەها یەكێك بووە لە میرە (الصلاحیة)كان.

(13) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر هاندانی سیاسیانەی مەلیك (العزیز) لە لایەن ئەم میرەوە تەماشای،(إبن واصل، 1957، ج3، ص39) بكە.

(14) (بن العجمي): ناوی تەواوی (الجمال محاسن)ە پەردەداری مەلیك (الافضل) بوو (إبن تغري بردي، د.ت، ج6، ص122).

(15) (سراسنقر): یەكێك بوو لە مەمالیكەكانی سوڵتان (صلاح الدین) كە ناسراون (الصلاحیة) (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص137) هەروەها بەناوی (أسد الدین سراسنقر)یش ناوی هاتووە (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص69).

(16) میر (زین الدین قراجا): یەكێك بوو لە میرە (الصلاحیة)كان، فەرمانڕوایی شاری (صرخد)ی كردووە، مەمالیكی سوڵتان (صلاح الدین) بووە لە ساڵی (604ك/1207ز) كۆچی دوای كردووە (إبن نظیف الحموي، د.ت، ص55).

(17) (عز الدین أیبك فطیس): یەكێكە لە میرە (الصلاحیة)كان (مؤلف مجهول، 2010، ص306).

(18) (الاسدیة): ئەوانە مەمالیكی تایبەت بە (أسد الدین شیركوە) مامی سوڵتان (صلاح الدین) بوون، بۆیە ناسرابوون بە (الاسدیة)كان. (مؤلف مجهول، 2010، ص219). پەراوێزی ژمارە (3).

(19) (سیف الدین یازكوج): گەورەی میرەكانی (الاسدي)بوو، لە ساڵی (599ك/1202ز) كۆچی دوای كردووە لە (القاهرة) (الذهبي، 2003، ج12، ص1188) لەسەرچاوەكانی بەچەندین شێوە ناوی هاتووە (إیازكوش)، (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص96). (أزكوش) (أزكش)ناوی هاتووە، (سبط إبن الجوزي، 2013، ج22، ص69)جگە لەوەش بە (تاوكج)ناوی هاتووە. (إبن خلدون، تاریخ إبن خلدون، 1981، ج5، ص352). بە ناوێكی تریش لە سەرچاوەكان هاتووە ئەویش (یازكوج)ە. (إبن واصل، 1957، ج2، ص296). بۆیە ئێمە ناوی (یازكوج) بەكاردەهێنین چونكە (إبن واصل) بە مێژوونووسێكی سەرەكی دەوڵەتی ئەیوبی دادەنرێ ئەو ناوەی بەكارهێناوە.

(20) (حسام الدین أبو الهیجاء السمین): یەكێك بووە لە میرە هەرە ناودارەكانی سوڵتان (صلاح الدین) كە لەڕووی كارگێڕی ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، وەك فەرمانڕەوای شاری (عكا) و(القدس)ی كردووە ئەمە جگە لە ڕۆڵە سیاسیەكەی لە

سەردەمی مەلیك (العزیز) كوڕی (صلاح الدین) گێراوێتی، هەروەها ڕۆڵی سەربازی بەرچاوی هەبووە لە دەوڵەتی ئەیوبی و خەلافەتی عەباسی لە (بغداد) لە ساڵی(593ك/1196ز) كۆچی دوای كردووە، (إبن كثیر، 1997، ج16، ص678).

(21) مەلیكەكانی: وەك مەلیك (الظاهر)ی فەرمانڕەوایی (حلب) ومەلیك (ناصر الدین محمد)ی كوڕی (تقي الدین) فەرمانڕوایی (حماة) ومەلیك (أسد الدین شیركوە) فەرمانڕوای (حمص) ژمارەیەك سەربازی (موصل) و هیتر، پێكەوە ڕێكەوتن شارەكە بپارێزن (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص130).

(22) سەبارەت بە ڕێكەتنامەكە تەماشای (النویري، 1423هـ ، ج28، ص445) بكە.

(23) (الجناح): یەكێك لە میرەكانی سوڵتان (صلاح الدین) لە میرە كوردە هەكاریەكانە برای (سیف الدین المشطوب) هەكاریە بەژداری شەڕەكانی خاچیەكانی كردووە، (إبن شداد، 2012، ص120 ؛ أبو شامة، 1997، ج4، ص259) دوای مردنی سوڵتان (صلاح الدین) دەبێتە یەكێك لە میرەكانی مەلیك (العزیز) بە بەڵگەی ئەوەی لەو میرانە بووە لە ساڵی (590ك/1193ز) بەشداری لە هێرشەكانی مەلیك (العزیز) كردووە بۆ سەر شاری (دمشق) (النویري، 1423هـ ، ج28، ص444)، بەڵام دواتر مەلیك (العزیز) جیا دەبێتەوە وڕووی ئاڕاستەی سیاسی خۆی دەگۆڕێت بۆ خزمەت كردنی مەلیك (الافضل) لە (دمشق) (المقریزی، 1997، ج1، ص233).

(24) (علكان): یەكێك بوو لە میرەكانی سوڵتان (صلاح الدین)، بە بەڵگەی ئەوەی لە ساڵی (589ك/1193ز) لەوكاتەی سوڵتان لەسەرە مەرگا بوو لەگەڵ میرەكانی تر لە (دمشق) ئامادەبووە بەشداری سوێندخواردن وبەڵێندانەكەی بە مەلیك (الافضل) كردووە (إبن شداد، 2012، ص185 ؛ أبو شامة، 1997، ج4، ص362) یەكێك بووە لە میرە كوردەكان بە بەڵگەی ئەوەی یەكێك لە نەوەكانی میرێكی كوردی دەوڵەتی ئەیووبی بووە كە ناوی (محمد)ی كوڕی (عثمان)ی كوڕی (علكان الكردي) كە ئەم نەوەیەشی شەهید كراوە لە ساڵی (637 هـ /1239ز) لە (غزة) لە تەمەنی (30) ساڵی بەدەستی خاچیەكان هەر لەوێش نێژراوە، دایكی كچی میر (سیف الدین یازكوج بن عبدالله الاسدي)بووە (المنذري، 1984، ج3، ص530 ؛ الذهبي، 2003، ج14، ص253).

(25) (بدرالدن)ی كوڕی (كیام): بەپێی ئەو سەرچاوانەی كە لەبەردەست ئێمەدایە هیچ زانیارییەكمان لەسەر ئەو میرە دەست نەكەوت تەنها ئەوە نەبێت كە لەسەرەوە باسمان كرد.

(26) علم الدین كرجي: میر (علم الدین كرجي الاسدي)، یەكێك بووە لە میرەكانی (شیركوە) بۆیە بە (الاسدي) ناسراوە، دواتر بووە یەكێك لە میرەكانی سوڵتان (صلاح الدین)، بەشداری كاری شارستانیەتی كردووە لە (القاهرة) وەك گەرماوی (كرجي) كە بە (حمام كرجي) ناوبانگی هەبووە (المقریزي، 1418هـ ، ج3، ص147).

(27) (بهاء الدین قراقوش): یەكێك بوو لە خزمەتكارەكانی (أسد الدین شیركوە)ی مامی (صلاح الدین) دوای مردنی (شیركوە) لە خزمەتی (صلاح الدین) مایەوە، سوڵتان (صلاح الدین) زۆر باوەڕی بە تواناكانی هەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە فرمانەكانی دەرنەدەچوو، بۆیە سوڵتان چەندین كاری پێسپاردووە لە (مصر) هەر ئەم میرە بوو توانی دیواری دەوری شاری (القاهرة) وقەڵای (الجبل) دروست كرد بكات ولەگەڵ چەندین كاری ئاوەدانی تردا، لە ساڵی (597ك/1200ز) كۆچی دوایی كردووە. إبن أبي الوفاء، 1993، ج4، ص595-597. هەروەها (إبن خلكان) دەڵێ ناوی (قراقوش) زاراوەیەكی توركیە ماناكەی بە عەرەبی واتا (العقاب) دێت كەجۆرێكی ناسراوی باڵندەی هەڵۆیە. 1971، ج4، ص92. جگە لەوانە یەكێك بووە لە میرە گەورەكانی (الاسدیة) كان (أبو شامة، 1997، ج4، ص446).

(28) (سابق الدین إبن الدایة): یەكێكە لە میرەكانی سوڵتان (صلاح الدین) جگە لە فەرمانڕەوای ناوچەی (شیزر) ناوچەی (جبلة)یشی پێ دەدات تاكو بەڕێوەی بەرێ لە ساڵی (584ك/1188ز) (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص49) دواتر لە ساڵی (592ك/1195ز) كۆچی دوای دەكات (عماد الدین الاصفهاني، 2002، ص463).

(29) بۆزانیاری زیاتری سەبارەت بە سوپاكەی مەلیك (الافضل) ومەلیك(العادل) ودەرچوونیان بۆ گرتنی (مصر) تەماشای(إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص118-120) بكە.

(30) (عزالدین جردیك): یەكێك بوو لە گەورە مەمالیكەكانی (نورالدین محمود) دواتر بووە یەكێك لە میرەكانی سوڵتان (صلاح الدین) كە میرێكی چاونەترس وئازا بوو، لە ساڵی(583ك/1187ز) دوای ئەوەی قەڵای (عكا) فتح دەكەن (صلاح الدین) ئەو قەڵایە دەدات بەو میرە تاكو بەڕێوەی ببات. إبن (إبن الاثیر، 1997، ج10، ص42) هەروەها ئەم میرە قوتابخانەی (الجردكیة) لە شاری (حلب) دروست كردووە. (إبن الشحنة، ا1984، ص117).

(31) (بيسان): شاروچکەیەکی زۆر بچووکە لە وولاتی (شام) (الحميري، 1980، ص119).

(32) (كوكب): قەڵایەکی سەختە لەسەر چیایەکە لەشاری (الطبرية) دەڕوانێتە سەر (الاردن) (ياقوت الحموي، 1995، ج4، ص494).

(33) (خولان):گوندێکە نزیك (دمشق) (ياقوت الحموي، 1995، ج3، ص272).

(34) هەرچی (إبن كثير) باسی ئەوە دەکات ودەڵێت لەوکاتەی مەلیك (الافضل) دەستی بەسەر (بيت المقدس) داگرت هەستا بە لابردنی میر (عز الدين جرديك) ئەویش لەبەرامبەردا وولاتی (الشام)ی بەجێهێشت وڕووی کردە شاری (الموصل)، لەوێ مایەوە تاکو دواجار لە ساڵی (1197/594ز) کۆچی دوای کرد، ئەمەش مانای وایە لەڕووی سیاسیەوە دەوڵەتی ئەیوبی بجێهێشتووە بەرامبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی کەم کراوەتەوە( 1997، ج16، ص683).

(35) بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە خراپی بارودۆخی وولاتی (مصر) تەماشای (إبن الفرات، 1969، مج4، ج2، ص121-125) بکە.

(36) (طبرية): شارێکە دەکەوێتە سەر دەریاچەی (طبرية) سەر بە کاروباری (الاردن) (ياقوت الحموي، 1995، ج4، ص17).

(37)(الحاجب): ئەم پلەو پۆستە مێژوویەکی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی (الاموي) و(العباسي) ئەو کەسەی ئەم پلەیەی وەردەگرت دەبوو بە پارێزەری سوڵتان یاخود مەلیك، هەروەها دەیپاراست لە خەڵکە گشتیەکە لەهەر چوونە ژوورەوەیەکیان بۆلای گەورەکەی، هەروەها دەبوو مۆڵەت لە کەسی (الحاجب) وەربگرێ. (إبن خلدون، مقدمة إبن خلدون، 1981، ص240) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر (الحاجب) تەماشای (سيپان حسن على بنگلى، 2022، ص183-184) بکە.

(38) مەلیك (الزاهر): کوڕی سوڵتان (صلاح الدين) لەگەڵ مەلیك (الظاهر) لە دایکشەوە بران، فەرمانڕەوایی (البيرة) بوو، لە ساڵی(632ك/1234ز) کۆچی دوای کردووە (إبن الوردي، 1996، ج2، ص157).

(39) (بهاء الدين بن شداد): ناوی تەواوی (يوسف)ی کوڕی (رافع)ی کوڕی (تقيم)ی بەناوبانگە بە (إبن شداد)، لە ساڵی (539ك/1144ز) لەدایك بووە، لە ساڵی (632ك/1234ز) کۆچی دوای کردووە تەمەنی نزیکەی نەوەدوو سێ ساڵ بوو هاوڕێکی سوڵتان (صلاح الدين) بوو، هەروەها (قاضي) لەشکرەکەی بوو، لەو کاتەی سوڵتان (صلاح الدين) کۆچی دوای کرد تەمەنی (إبن شداد) نزیکەی پەنجا ساڵ بوو لەدوای ئەو چل و سێ ساڵی تر ژیا، دواتر خزمەتی مەلیك (الظاهر) کوڕی کرد، دوای کۆچی دوای ئەو هەر لە (حلب) لەلای مەلیك (العزيز) ی کوڕی مەلیك (الظاهر) مایەوە بۆ هەموو کاروبارەکان دەگەڕانەوە بۆ ڕاو بۆچوونەکانی چونکە خاوەنی ئەزموونێکی زۆر بوو (إبن واصل، 1957، ج5، ص89).

(40) (بركة الجوب): شوێنێکە لە دەرەوەی شاری (القاهرة) بەلای دەریاوە، خەڵکی گشتی پێی دەڵێن (بركة الحج) چونکە حاجیەکان تێیدا دادەبەزن کاتێک لە (القاهرة) بەرەو حەجی ساڵانە دەڕۆیشتن، کاتێکیش دەگەڕێنەوە بە هەمان شێوە لێی دادەبەزن پشوویان دەدەن (المقريزي، 1418هـ ، ج2، ص434).

(41) (فلك الدين سليمان): ناوی تەواوی میر (فلك الدين أبو منصور سليمان)ی کوڕی (شروه)ی کوڕی (خلدك)ە، ئەم میرە برای مەلیك (العادل) بوو لەدایکیەوە، هەروەها وەقفی قوتابخانەی (الفلكية)ی کردوە لە (دمشق) لە ساڵی (599ك/1202ز) کۆچی دوای کردووە (النعيمي، 1990، ج1، ص327-328) هەرچەندە سەرچاوەکان بە ڕوونی ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ئەم میرە میرێکی کوردە، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە ئەم میرە میرێکی کوردە چونکە ناوی باوکی (شروه) یە ئەم ناوەش زیاتر بەلای کورد نزیکە نەك بەلای تورك وعەرەب.

(42) ئەو میرەی کە دەرگای شارەکەی بەنهێنی کردەوە ناوی (عزالدين)ی کوڕی (الحمصي) بوو، کە یەکێك لە میرەکانی مەلیك (الافضل) بەرامبەر بەو خیانەتەی کە کردی دە هەزار دیناری لە لایەن مەلیك (العادل)ەوە وەرگرت(سبط إبن الجوزي، 2013، ج22 ص35-36).

(43) (صرخد): شارێکە هاوسنوری شاری (حوران)ە، هەروەها قەڵایەکی سەخت و ناوچەیەکی فراوان لەخۆ دەگرێ (ياقوت الحموي، 1995، ج3، ص401).

(44) (غرس الدين قلج): ناوی تەواوی (غرس الدين أبو المرهف قليج)ی کوڕی (عبدالله التركي)ە. لە میرە تایبەتەکانی سوڵتان (صلاح الدين) بوو، سوڵتان وەك کاربەدەست بەسەرە قەڵاکانی (الشغر و بكاس) دایدەنێ تاکو بەڕێوەی ببات، میرێکی ئازاو چاونەترس بووە (إبن الفوطي، 1416هـ ، ج3، ص414). هەندێ لە سەرچاوەکان ناوی (غرس الدين قلج) بە (غرس الدين قليج) هاتووە.

(45) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر پەشیمان بوونەوەی مەلیك (العزيز) بۆ هێشتنەوەی (دمشق) لەژێر دەسەڵاتی مەلیك (الافضل)ی برای تەماشای. إبن واصل، 1957، ج3، ص66-67. بکە.

(46) ئەم میرە كە (أبو الهيجاء السمين الازكشي) كوردی بوو، دوای ئەوەی ڕووی ئاراستەی سیاسی خۆی گۆڕی ڕووی كردە شاری (بغداد) لەوێ پێشوازی گەرمی لێكرا، خەلیفە ناردی بۆ ناوچەی (همدان) تاكو شەڕی خەوارزمەكان بكات، بەڵام بەشێكی زۆری سوپاكەی بە جێیان هێشت وپەرتەوازە بوون، ئەمەش وای كرد كە نەتوانێ شەڕی خەوارزمەكان بكات وشەرمیش دایگرت بگرێتەوە شاری (بغداد)، بۆیە بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ وولاتی (الشام) واتا ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی بۆیە ڕێگای (داقوق)ی گرتەبەر بۆ ئەم مەبەستە دوای ئەوەی گەیشتە ئەو شارە نەخۆش دەكەوێ پاش مانەوەی چەند ڕۆژێ كۆچی دوای دەكات، لە ساڵی (594ك/1197ز) لەسەر گردێك بەخاكی دەسپێرن(مؤلف مجهول، 2010،ص238).

(47) پێشتر باسی ئەوەمان كرد كە سەرچاوەكان باس لەوە دەكەن بەرامبەر ڕادەست كردنی (القدس) چەند ناوچەیەكی وەرگرتووە(إبن واصل، 1957، ج3، ص52)، بەڵام واپێناچێ بەرامبەر بەوە ڕازی بوو بێت بۆیە دەوڵەتی ئەیوبی بەجێهێشتووە ڕووی كردۆتە شاری (الموصل).

**لیستی سەرچاوەكان**

**لیستی سەرچاوەكان ڕەسەنەكان بە زمانی عەرەبی**


-إبن أبى الوفاء، محمد بن محمد بن نصر الله بن سالم بن أبي الوفاء القرشي الحنفي المصري، (1993)، الجواهر المضية فى طبقات الحنفية، تحقيق: عبد الفتاح محمد الحلو، مصر، هجر للطباعة والنشر ،ط2.

-إبن الاثير، أبو الحسن عز الدين علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، (1997)، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، دار الكتاب العربي، ط1.

- إبن تغري بردي، جمال الدينأبو المحاسن يوسف، (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، القاهرة، دار الكتب.

-إبن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد،

-(1981)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر(تاريخ إبن خلدون) تحقيق: خليل شحادة، بيروت، دارالفكر، ط1.

-(1981)، مقدمة إبن خلدون، بيروت، دار القلم، ط4.

-إبن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر (ج3: 1900م) و(ج4: 1971م)، وفيات الأعيان وأنباء إبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، دار صادر.

-الإسنوي، جمال الدين أبو محمد عبد الرحيم بن الحسن بن علي،(2002)، طبقات الشافعية، تحقيق: كمال يوسف الحوت،(د.م)، دار الكتب العلمية، ط1.

إبن الشحنة، محمد بن محمد بن محمد بن محمود بن غازى الثقفى الحلبي، أبو الفضل بن أبى الوليد، (1984)، الدر المنتخب فى تاريخ مملكة حلب، سورية، دار الكتاب العربي.

-إبن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدي الموصلي، (2012)، سيرة صلاح الدين الايوبي المسمى النوادر السلطانية ومحاسن اليوسفية، القاهرة، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة.

-إبن شداد، عز الدين أبو عبد الله محمد بن علي بن إبراهيم الأنصاري الحلبي، (1962)، الاعلاق الخطيرة فى ذكر أمراء الشام والجزيرة، تحقيق: سامي الدهان، دمشق، المعهد الفرنسي للدراسات العربية.

- إبن العديم،كمال الدينعمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة العقيلي، (1996)، زبدة الحلب في تاريخ حلب، تحقيق: خليل المنصور، بيروت، دار الكتب العلمية.

-إبن الفرات، ناصر الدين محمد عج الرحيم، (1969)، تاريخ إبن الفرات،مجلد الرابع الجزء الثاني، تحقيق: حسن محمد الشماع، البصرة، دار الطباعة الحديثة.

-إبن فضل الله العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى، (1423هـ)، مسالك الابصار في ممالك الامصار، الناشر المجمع الثقافي، ط1.

-إبن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد بن محمد الصابوني، (1416هـ)، مجمع الاداب في معجم الالقاب، تحقيق: محمد الكاظم، إيران، مؤسسة الطباعة والنشر، ط1.

-إبن كثير، عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر البصري، (1997)، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركى،(د.م)، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع والاعلان ، ط1.

-إبن نظيف الحموي، أبو الفضائل محمد بن علي، (د.ت)، التاريخ المنصورى= تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان، تحقيق: أبو العبد دودو، دمشق، مطبعة الحجاز.

-إبن واصل، جمال الدين محمد بن سالم،

-(2010)، التاريخ الصالحي، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، المكتبة العصرية، ط1.

-(1957)، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب ،الجزء الثاني والثالث، تحقيق: جمال الدين الشيال،القاهرة، الجزء الثاني، مطبعة الاميرية، الجزء الثالث، دار العلم.

- إبن الوردي، زين الدين عمر بن مظفر بن عمر بن محمد إبن أبي الفوارس، (1996)، تاريخ إبن الوردي، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1.

- أبو شامة، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي،

-(1997)،الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: إبراهيم الزيبق، بيروت، مؤسسة الرسالة.

-(2002)، تراجم رجال القرنين السادس و السابع المعروف (بالذيل على الروضتين)، تحقيق: إبراهيم شمس الدين، بيروت ، دار الكتب العملية، ط1. -

أبو الفداء، الملك المؤيد عمادالدين إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد إبن عمر بن شاهنشاه بن أيوب، (د.ت)، المختصر في أخبار البشر، القاهرة، المطبعة الحسنية المصرية، ط1.

-الحميري، أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن عبد المنعم، (1980)، الروض المعطار في خبر الاقطار، تحقيق: إحسان عباس، بيروت، مؤسسة ناصر الدين للثقافة، ط2.

-الدواداری، أبي بكر بن عبد الله إبن أبيك ،(1972) ،كنز الدرر و جامع الغرر، الجزء السابع، (الدر المطلوب في اخبار ملوك بني أيوب)، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، القاهرة، دار إحياء.

-الذهبي، شمس الدين أبو عبد لله محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز ،

-(1993)، الاعلام بوفيات الاعلام، تحقيق: مصطفى بن علي عوض وربيع أبوبكر عبد الباقي، بيروت، مؤسسة الكتب الثقافية، ط1.

-(2003)، تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: بشار عواد معروف ، بيروت، دار الغرب الإسلامي ، ط1.

-سبط إبن الجوزي، شمس الدين أبو المظفر بن قزاوغلي بن عبدالله، (2013)، مرأة الزمان في تواريخ الاعيان، تحقيق: إبراهيم الزيبق، دمشق، دار الرسالة العلمية، ط1.

-السيوطي، جلال الدينعبد الرحمن بن أبي بكر، (د.ت)، بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، لبنان، كتبة العصرية.

-العصامي، عبد الملك بن حسين بن عبد الملك، (1998)، سمط النجوم العوالي في أنباء الاوائل والتوالي، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلي محمد معرض، بيروت،دار الكتب العلمية، ط1.

-العليمي، مجير الدين عبد الرحمن بن محمد بن عبد الرحمن،

-(د.ت)، الأنس الجليل بتاريخ القدس والخليل، تحقيق: عدنان يونس عبدالمجيد نباتة، عمان، مكتبة دنديس،

- (2011)،التاريخ المعتبر في أنباء من غبر، تحقيق: لجنة مختصة من المحققين، سوريا، دار النوادر.

-عماد الدين الاصفهاني، أبو عبد الله محمد بن محمد صفي الدين بن نفيس الدين حامد، (2002)، البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، تحقيق: عمر - عبد السلام تدمري، بيروت، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، ط1.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود، (د.ت)، آثار البلاد وأخبار العباد، بيروت، الناشر دار صادر.

-القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري (د.ت)، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، بيروت، دار الكتب العلمية.

-المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي بن عبد القادر،

-(1997)، السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1.

-(2006)، المقفي الكبير، تحقيق: محمد اليعلاوي، بيروت، دار الغرب الاسلامي، ط2.

-(1418ه)، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار، بيروت، دار الكتب العلمية، ط1.

-المنذري، زكي الدين أبو محمد عبدالعظيم بن عبد القوي، (1984)، التكملة لوفيات النقلة، تحقيق: بشار عواد معروف، بيروت، مؤسسة الرسالة، ط3.

-مؤلف مجهول، (2010)، تاريخ دولة الاكراد و الاتراك (تاريخ دولة الاكراد)، تحقيق: موسى مصطفى الهسنياني، دهوك، مطبعة جامعة دهوك، ط1.

-النعيمي، عبد القادر بن محمد، (1990)، الدارس في تاريخ المدارس، تحقيق: إبراهيم شمس الدين، (د.م)، دار الكتب العلمية، ط1.

-النويري، شهاب الدين أحمد بن عبد الوهاب بن محمد بن عبد الدائم القرشي التيمي البكري، (1423هـ)، نهاية الارب في فنون الادب، القاهرة، دار الكتب والوثائق القومية، ط1.

-ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبد الله الرومي، (1995)، معجم البلدان، بيروت، دار الصادر، ط3.

سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی کوردی

-شەرەفخانی بدلیسی، میر (شرف) خانی کوڕی میر (شمس الدين)ی کوڕی (شرف) خانی ڕۆژکی، (2006)، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و: مامۆستا هەژار، هەولێر، دەزگای ئاراس، چ3.

**ژێدەرە نوێیەکان بە زمانی عەرەبی**

-إبن بدران،(1985)، منادمة الاطلال ومسامرة الخيال، تحقيق: زوهير الشاويش، بيروت، المكتبة الاسلامي، ط2.

-بنگلی ، سيپان حسن على ، (2022)، رسوم دار السلطنة الايوبية في مصر، (570- 648ه/ 1174- 1250م)، دمشق، تموز ديموزى للطباعة والنشر والتوزيع، ط1.

-تمر ، جوتيار ،(2018)، أمراء في الدولة الايوبية، دمشق، تموز ديموزى، ط1.

-حسين ، حمدي عبدالمنعم محمد ، (2000)، دراسات في تاريخ الايوبيين والمماليك، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية.

-خليل ، مقبولة حسن الحاج ، (2009)، مدينة القدس فى العهد الايوبى(583ه/1187م-650ه/1252م)، عمان، منشورات وزارة الثقافة.

-شيخو ، لويس ، (1930)، مجاني الادب في حدائق العرب، بيروت، مطبعة الاباء اليسوعيين.

-على ، محمد كرد ، (1983)، خطط الشام، دمشق، مكتبة النوري، ط3.

**نامە بڵاونەکراوەکان بە زمانی عەرەبی**

-الدوسكي، شڤان ظاهر عبدالله، (2004)، الملك الافضل علي بن صلاح الدين الايوبي دراسة فى دوره السياسي و مجهود، العسكري والحضاري (565-622هـ/ 1169- 1225م)، رسالة MA، كلية الاداب، جامعة دهوك، دهوك.

-الحازم، ناصر محمد علي (1421هـ)، الحياة العلمية في دمشق في العصر الايوبي (569-659هـ/1173-1260م)، رسالة MA ، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، جامعة امر القرى، مكة المكرمة.

-حمد نبي، خالد سليمان ، (1997)، ادارة بلاد الشام فى العصر الايوبي، رسالة PhD، كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية.

**لیستی خولاوەکان**

-قادر، كامل أسود، (2016)، دور الامير فاس الدين ميمون القصري في الدولة الايوبية، مجلة جامعة دهوك، دهوك، العدد 1، مج 19.

**الدور السياسي للأمير والقادة في الصراع الداخلي داخل الأسرة الأيوبية بين الأعوام (٥٩٠-٥٩٣ هـ / ١١٩٣-١١٩٦ م)**
**(دراسة تاريخية تحليلية)**

**نيشتمان بشير محمد**
قسم التأريخ،كلية الأداب،جامعة صلاح الدين-أربيل
nishtiman.mohammad@su.edu.krd

**سامان نامق توفيق**
طالب دكتوراه جامعة صلاح الدين
saman.tawfeeq@su.edu.krd

ملخص

هذه الدراسة عبارة عن تحليل تاريخي للدور السياسي للأمير والقادة في الصراع الداخلي داخل الأسرة الأيوبية بين الأعوام (٥٩٠-٥٩٣ هـ / ١١٩٣-١١٩٦ م). بدأت بداية الصراع بهجمات الملك (العزيز) الأولى على (دمشق) واستطعنا وضعها في ضوء بحثنا حتى آخر حملة عرفت بالهجوم الثالث على المدينة. حاولنا في هذه الدراسة أن نعرض بالتفصيل الدور السياسي للأمير والقادة ، والذي يشمل الصراع الداخلي داخل الأسرة الأيوبية الذي شجع الملك (العزيز) على تنفيذ الهجمات وموقفهم السياسي أثناء الهجمات. لذلك قمنا بتقسيم بحثنا إلى ثلاثة أقسام: الاستعدادات لهجمات الملك (العزيز) الأول والثاني والثالث على مدينة (دمشق) ، ويتم تحليل المواقف السياسية للأمير والقادة في الهجمات الثلاثة.

**الكلمات المفتاحية** (الملك العزيز - الملك الافضل – الأمراء الكردي - الأمراء الصلاحية - الأمراء الاسدية)

**The political role of the emir and leaders in the internal conflict within the Ayyubid dynasty between the years**
**( 593-590AH / 1193-1196 AD)**
**(Historical analytical study)**

**Nishtiman Basheer Mohammad**
Department of History, Collage of Arts, Salahaddin University -Erbil
nishtiman.mohammad@su.edu.krd

**Saman Namuq Tawfeeq**
PhD. student , Salahaddin University-Erbil
saman.tawfeeq@su.edu.krd

**Abstract**

This research is a historic analysis related to the political role of the emir and leaders in the internal conflict within the Ayyubi family between the years (590-593 AH/1193-1196) The beginning of the conflict begins with the first attacks of King (Al-Aziz) on (Damascus) and we have been able to put it in the light of our research until the last campaign known as the third attack on the city. In this study we have tried to present in detail the political role of the emir and leaders, which includes the internal conflict within the Ayyubid family that encouraged the king (al-Aziz) to carry out attacks and their political position during the attacks. Therefore, we have divided our research into three parts: the preparations for the first, second and third attacks of King (Al-Aziz) on the city (Damascus). The political positions of the emir and leaders in all three attacks are analyzed.

**Keywords (**King (Al-Aziz) – king(Al-afzal) - emirs Kurdish – emirs(Al-Slahea) **–** emirs(Al-Asaddea)**)**